Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.4.4

# ئەرگۆمێنت لە گوتاری یاساییدا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقلییەکان) بە نموونە

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Fuad Salih Rasheed
fuadsalhrasheed@gmail.com

**فؤاد صالح رشید/** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر- وەزارەتی پەروەردە

**یوسف نوری محەمەدئەمین** / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر- وەزارەتی پەروەردە

RECEIVED :03/10/2024
ACCEPTED :18/12/ 2024
PUBLISHED :15/08/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

زمانی یاسایی،
گوتاری یاسایی،
ئەرگۆمێنتی یاسایی،
تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت،
ستراتیژەکانی ئەرگۆمێنت.

## پوختە

لەم ساڵانەی دواییدا توێژینەوە لە زمانی گوتار، بەتایبەتیش زمانی گوتاری یاسایی بووەتە جێگای تێڕامانی توێژەرانی بواری زانستی زمان، لەم ڕووەوە لەم توێژینەوەدا بەناونیشانی ((ئەرگۆمێنت لە گوتاری یاساییدا، (یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقلییەکان) بە نموونە))، هەوڵدراوە قسە لەسەر یەکێک لە ڕەهەندە پراگماتیکییەکانی گوتاری یاسایی بکرێت، کە ئەویش دەستیشانکردنی ڕەهەندی ئەرگۆمێنتییە لە یاسای ناوبراودا، کە یەکێکە لەو یاسایانەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا سەرەتا تیشک خراوەتە سەر هەندی لایەنی پەیوەست بە گوتاری یاسایی، لەوانە: زمانەوانیی یاسایی، گوتاری یاسایی، تایبەتمەندیی و زمانی گوتاری یاسایی، دواتریش لەلایەک باس لەو تەکنیکە ئەرگۆمێنتییانە کراوە، کە هەردوو زانا (پێرلمان و تیتیکا) لە چوارچێوەی تیۆرەکەیاندا بەناونیشانی تیۆری (ڕەوانبێژیی نوێ) پێشنیاریان کردووە، لەلایەکی تریش بەوردی باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکان لە دەقی یاساکەدا کراوە، هاوکات نموونەی گونجاو بۆ هەر تەکنیکێک لە ناو دەقی یاساکە وەرگیراوە و شرۆڤەی پێویست بۆ نموونەکانیش کراوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکەدا

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ناونیشانی توێژینەوەکە ((ئەرگۆمێنت لە گوتاری یاساییدا، (یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقلییەکان) بە نموونە))، توێژینەوەیەکی بواری پراگماتیکییە، کە تەرخان کراوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەهەندە ئەرگۆمێنتییەکان لە گوتاری یاساییدا.

هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە: ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی بواری پراگماتیکە، گرنگییەکەی لەوەدایە، کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا بەپێی پێویست بایەخ بە توێژینەوە لە ئەرگۆمێنت لە گوتاری یاسایی نەدراوە، بۆیە دەکرێت ئەم توێژینەوەیە بەشێک لەم کەلێنە پڕ بکاتەوە، کە لەم بوارەدا بەدی دەکرێت.

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی وەسفی، شیکاری، لێکدانەوەی بۆ تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لە بونیاتی بڕگە و ماددەکانی یاساکەدا کردووە.

**کەرەستەی توێژینەوەکە:** کەرستەی توێژینەوەکە هەموو ئەو بڕگە و ماددانە دەگرێتەخۆ، کە لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەرلەمانی کوردستان لەژێر ناونیشانی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق)دا هاتووە، لەم ڕووەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هەر تەکنیکێک لە تەکنیکە ئەرگۆمێنتییەکان، نموونەی پێویست لەناو یاساکە هەڵبژێدراوە و تەکنیکەکەی بەسەردا جێبەجێکراوە و هاوکات ڕاڤەی پێویستیشی بۆ کراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١-گوتاری یاسایی (گوتاری یاسادانان) بەچی لە جۆرەکانی تری گوتار جیادەکرێتەوە؟

٢-بۆچی گوتاری یاسایی سروشتێکی پراگماتیکی هەیە و دەوڵەمەندە بە ڕەهەندی ئەرگۆمێنتی؟

٣-ئەرگۆمێنتی یاسایی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا پشت بەچ ستراتیژێک دەبەستێت ؟

٤-ئەرگۆمێنتی یاسایی لەشێوەی چ جۆرە کردارێک ئاراستەی وەرگردەکرێت و بەسەر کێدا جێبەجێ دەکرێت؟

٥- ئەو تەکنیکە ئەرگۆمێنتیانە چین، کە لە گوتاری یاساییدا بەکاردێن؟ ئەرکیان چییە؟

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

### ١-زمانەوانیی یاسایی:

یاســـا یەکێکە لەو بوارانەی کە زۆر لە زمانەوانییەوە نزیکە، چونکە هەردووکیان گرنگی بە کۆنترۆڵکردنی زمانی مرۆڤ و ڕەفتارەکانی دەدەن، بۆیە یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کە لە جێبەجێکردنیدا پشت بە زمان دەبەستێت یاسایە. بێگومان ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە زمان لە بواری یاساییدا دەیگێڕێت، وای کردووە لە بواری زانستی زماننا لقێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە زمانی یاسا بەناوی زمانەوانیی یاسـایی سـەرهەڵبدات. بە بڕوای شـارەزایانی ئەو بوارە، ((زمانەوانیی یاسایی، بریتییە لەو لێکۆڵینەوە زانستی و پەیڕەوبەندانانەی کە لەسەر زمانی یاسایی ئەنجام دەدرێن) ( BELABED, 2014:142).

زمانەوانیی یاســایی بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە زمانی یاســا لە ڕێگەی یاســاکانی خودی زمانەوە پێناســە دەکرێت ( علوي، ؟:٤). بەگشــتی زمانەوانیی یاســایی بەو لێکۆڵینەوە زانســتییانە دەوترێت، کە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی زانســتی زمانەوانەوە لە زمانی دەقە یاساییەکان بکۆڵێتەوە و تایبەتمەندییەکانیان دیاری بکات.

### ١-١-یاسا:

یاسـا کۆمەڵێک بنەمای یاسـاییە، کە لەلایەن دەسـەڵاتی یاسـادانانەوە دەردەچێت و ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگادا بەڕێوەدەبات، بۆیە دەبێت تاکەکان ملکەچی ئەو یاســـایانە بن، ئەگەر بە خورتیش بێت(BELABED:2014:135 ) )، ئەو یاســـا و ڕێســـایانە بۆ ئەنجامدانی کارێک ئاراســـتەی تاکەکان دەکرێت، یان خۆبەدوورگرتن لێی. واتە هەڵگری پەیامێکن، کە ئەویش بریتییە لە ڕێکخســـتنی ڕەفتاری مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا (علوي، ؟:١١)، بۆیە دەگوترێت یاســـا و

کۆمەڵگا دوو دوانەی لێک دانەبڕاون، (( لە کوێ کۆمەڵگا هەبێت، یاساش هەیە)) (سەرچاوەی پێشوو:٢). کەواتە یاسا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە دەبات، کە ئامانجی ڕاستکردنەوە و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگایە، بەشدارە لە داڕشتنی کەتواری ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە دەبێت کۆمەڵگا پێیەوە پابەندبێت.

## ١-٢-گوتاری یاسایی:

گوتار وەکو کەرستەیەکی زمانی چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لەوانە:

١- بنفینست(Benveniste)، دەڵێت: هەر گوتنێک، کە نێرەر و وەرگری هەبێت و بەئامانجی کاریگەری و کارتێکردن لە وەرگر، دەبێتە گوتار. (عکاشة،٢٠٠٥ :٣٥).

٢- ئۆلیڤیی ڕۆبۆل، دەڵێت: هەر بەرهەمێکی ئاخاوتن، یان قسەکردن (نووسراو/گوتراو) لە ڕستەیەک، یان کۆمەڵە ڕستەیەکی یەک لە دوای یەک پێک بێت و سەرەتا و کۆتایی هەبێت و یەکەیەکی واتایی پێک بێنێت، پێی دەگوترێت گوتار (روبول، ٢٠١٧ :٢٠).

بەپێی ئەم بۆچوونانە، گوتار پەیوەندی کردنێکی زمانییە، کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، کارلێک دروست دەکات و جۆرەکەشی بەپێی ناوەڕۆکەکەی و ئەو شوێن و دەوروبەرەی کە لێیەوە دەرچێت، دیاری دەکرێت ( یوسف، ٢٠٢١: ١٨٩٩). گوتار واتە جەدەل و پەیوەندیکردن لەگەڵ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی کاریگەرییان لەسەر دروست بکەیت یان سەرنجیان بۆ بابەتێک ڕابکێشیت.

بە بڕوای شارەزایان پەیوەندی نێوان یاسا و گوتار پەیوەندییەکی وەبەرهێنانە، واتە یاسا پێویستی بە گوتارە، یاسا بەهای خۆی بەدەست ناهێنێت، تا لەڕێگەی گوتارەوە نەگۆڕدرێت بۆ کەتوارێکی بەدیهاتوو، واتە تا جێبەجێ نەکرێت (کاظم،:٢٠١٥: ٣٦). لەڕووی چەمکەوە گوتاری یاسایی بەشێوەیەکی سەرەکی لە کۆی ئەو دەقە یاساییانە خۆی دەبینێتەوە، کە لە لایەن ئەو دەزگایانەی دەسەڵاتی دەرکردن و فەرمان بەسەرداکردن و جێبەجێکردنیان هەیە دەردەچێت، ئەم جۆرە گوتارە ملکەچی مەرجەکانی نۆبەگرتنە و مەبەست و کاریگەری و کارلێکیشی تێدا زەق دەکرێتەوە (فتح الله، ٢٠٢٣: ٢٦٣)، لەم ڕوانگەیەوە گوتاری یاسایی کە پەیوەندی کارلێک لە نێوان یاسا و واقیعی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات و ئەو پەیوەندییە جەدەلییە ئاشکرا دەکات، کە تێیدا هەر بەشێک یان ڕەگەزێک کاریگەری لەسەر بەشەکەی تر دروست دەکات.

لەڕووی پێناسەشەوە، گوتاری یاسایی(دادوەری) بەو گوتارە دەوترێت، کە دەسەڵاتی دادوەری یان داواکاری گشتی یان دەستەی داکۆکیکار لە دانیشتنێکدا دەری دەکات، کە کات و شوێنەکەی لەلایەن دەزگا تایبەتمەندەکانەوە دیاری دەکرێت، ئەم جۆرە گوتارە ئەگەر لە هۆڵی دادگا یان لەلایەن دەستە و فەرمانگەکانی لێکۆڵینەوەی یاسایی بڕیاری لێ نەدرێت، هیچ کاریگەری لەسەر تاوانبار نابێت ( یوسف،٢٠٢١: ١٨٩٩)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گوتاری یاسایی گوتارێکی کاریگەرە، چونکە لەڕێگەیەوە بڕیار و یاساکان دەردەچن و پەیامێکی ڕوون و ڕەوان سەبارەت بە کاروباری گشتی ئاڕاستەی گوێگرەکانی دەکات.

سەبارەت بە ئەرکەکەشی، وەکو دەزانرێت ئەرکی گوتاری یاسایی ئاگادارکردنەوە یان هەواڵدان نییە، وەک ئەوەی لە ناوەڕۆکی بوارەکانی دیکەی گوتاردا هەیە، بەڵکو جێبەجێکردن و ڕێکارییە، ئەمەش ڕەهەندێکی تەواو پراگماتیکییە (کاظم،٢٠١٥: ٣٦)، دەکرێت بڵێین، گوتاری یاسایی وەکو گوتارێکی ئەقڵانی، ئامانجی ڕازیکردنی بێمەرجی هاوڵاتیانە، بۆ ئەوەی ڕێز لە یاساکان بگرن و جێبەجێیان بکەن، تا لەو ڕێگەیەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگا سنوردار بکات، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە دادپەروەری بەدیبێت.

### ١-٢-١-تایبەتمەندییەکانی گوتاری یاسایی:

گوتاری یاسایی وەک یەکەیەکی واتایی یەکگرتوو و ڕێکخراو یان پەیرەوبەندانە سەیر دەکرێت و بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

١- گوتارێکی بێلایەنە و بەیەک چاو ســــەیری گشــــت تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات، چونکە ((لەلایەن دەزگا فەرمییە تایبەتەکانەوە بۆ بابەتە ڕێککاری و ئاسـایشـییەکانەوە دەردەچێت، ،کە دەوڵەت ئەو دەسـەڵاتەی پێ بەخشـیوون)) (فتح الله،:٢٠٢٣: ٤٣٢).

٢- گوتاری یاسـایی ئاراسـتەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەکرێت، بە ئامانجی ڕازیکردنی بێمەرجی تاکەکانی بەوەی کە ڕێز لە یاساکان بگرن، تا لەو ڕێگەیەوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگاکە سنوردار بکرێت.

٣- ئەم جۆرە گوتارە قاڵبێکی بابەتییانە و فەرمییانەی هەیە، ئەم بنەمایەش خۆی لە بەکارهێنانی هەندێ دەربڕینی وەک: (یاسا دیاری دەکات، یاسا قەدەغەی دەکات، یاسا دەیسەپێنێت...) لە دەقە یاساییەکاندا دەبینێتەوە.

٤- گوتاری یاسـایی کۆمەڵێک بڕیار و فەرمانی لەخۆ گرتووە، کە بەشـێکیان بە شـێوازێکی مەرجدار داڕێژراون، بەدەر لەوەش سروشـتێکی خورتییانە و تەنانەت زۆرەملێشیان هەیە، واتە جێبەجێکردن و پابەندبوون پێیانەوە ئارەزومەندانە نییە.

### ١-٢-٢-زمانی گوتاری یاسایی:

زمان ئامرازی دەربڕینی بیرۆکە یاســـاییەکانە، هاوکات تێگەیشـــتن لە یاســـاکان و لە چەمکەکانی و دیاریکردنی مەبەسـت و ئامانجەکانی هەر بە زانینی زمان و شـارەزابوون لە بەکارهێنانی بەدیدێت (سـەرچاوەی پێشـوو:٢). زمانی یاساش بەوە پێناسە دەکرێت، کە (( سیستەمێکە لە یەکەی یاسایی، کە یەکەکانی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و لەڕووی شـــێکردنەوە و ڕۆنانیشـــەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە)) ( BELABED:2014:142). ((بە بڕوای (کونزینی) زمانی گوتاری یاســـایی زمانێکی تایبەتە و شـــێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ڕێگەیەوە یاســـاناس تێڕوانینی خۆی بۆ شتەکان و جیهان دەردەبڕێت )) (سەرچاوەی پێشوو: 147).

سـەبارەت بە ڕۆڵی زمان لە داڕشـتنی یاسـا و بڕیارەکانی دادگادا، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە بایەخدان بە زمان لە بڕیارەکانی دادوەردا هێندەی گرنگیی خودی ڕاســـتییەکان گرنگە، چونکە ڕاســـتی لە بڕیارەکاندا لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت، بەو پێیەی بڕیارە دادوەرییەکان وەک لێکدانەوەیەک بۆ دەقە یاســـاییەکان دێن، بۆیە لۆژیک لە زۆربەی بڕیارەکاندا وەکو ئامرازێک بۆ ڕازیکردن و ڕازیبوون بە ناوەڕۆکی بڕیاری دادوەریدا بەکاردێت، ئەگەر ئەم لۆژیکە، ئامرازەکەی زمانێکی دروســـت نەبێت، ئەوا ئەرکەکەی ڕاناپەڕێنێت (حاجی صـــفر،٢٠١٩: ٢٢). بەم پێیە زمان ئامرازێکە بۆ گوزارشـتکردن لە دەربڕین و داڕشـتنی یاسـا و بڕیارەکان، گوتاری یاسـاییش کاتێک دەتوانێت ئەرکی بنەڕەتی خۆی وەک گوتارێک جێبەجێ بکات، ئەگەر بە زمانێک گوزارشت لە یاسا و ڕاستییەکان بکات، کە گوێگرەکانی بەباشی لێی تێبگەن.

بە بڕوای شارەزایان لەڕووی بەکارهێنانەوە، زمانی گوتاری یاسایی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، لەوانە:

١-زمانێکی پێوانەییە: زمانی سـەپاندنی ئەرک و مافەکانە، زمانێکی ڕاپۆرتییە، واتە شـێوازێکی ڕوون و ڕاسـتەوخۆی دوور لە دەربڕینی مێتافۆڕی و وێنەی ڕەوانبێژی تێدا بەکاردەهێنرێت.

٢- زمانێکی زاراوەییە : ئەم تایبەتمەندیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانێکی تایبەتە، گوزارشـت لە ڕاسـتییە یاسـایی و ســـروشـــتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هەروەها گوزارشـــت لە کارە قەدەغەکراوەکان و ســـزای ئەنجامدانیان دەکات (علوي، ؟:٩).

٣-زمانێکی هونەرییە: زمانی گوتاری یاســـا بەوردی و وردەکارییەکانی بیرکردنەوەی یاســـایی وەک: لێکدانەوە، خەملاندن، گونجاندن، لۆژیکییەت و هەڵێنجانی بەڵگە لە ڕاســـتییە ماددییە جیاوازەکان ناســـراوە، بەمەش لە لایەک دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی یاسا و لە لایەکی تریشەوە زانستی زمانەوە (حاجی صفر،٢٠١٩: ٢٢).

٤-تایبەتمەندییە پراگماتیکییەکانی: زمانی گوتاری یاســـایی ســـروشـــتێکی جێبەجێکاری هەیە، هێندەی گرنگی بە جێبەجێکردنی کردارێـک لەڕێگەی بڕیـاردانەوە دەدات، ئەوەنـدە گرنگی بە وەســـفکردنی ڕووداوەکـان نـادات ( الصراف،٢٠١٠: ١٠).

بەدەر لەمانە زمانی گوتاری یاسـایی ((بە زمانی ڕازیکردن وەسـف دەکرێت، چونکە دواندنی ئەقڵە بەهۆی لۆژیکەوە و لەسەر بنەمای ئەرگۆمێنت بونیاتنراوە، بۆیە دادوەریش لە بڕیارەکەیدا زمانێکی یاسایی توندی دوور لە کرداری شک و گومان بەکار دەهێنێت)) ( حاجی صـــفر،٢٠١٩: ٢١). هاوکات زمانێکی فەرمییە و لەڕووی کاریگەرییەوە بەهێزە و بە کورتبڕی و کەمی لێڵی و نەبوونی مەیلی دووبارەبوونەوە دەناسرێتەوە ( فتح الله، ٢٠٢٣: ٢٦٣).

لەڕووی ناوەڕۆکیشـەوە((زمانی گوتاری یاسـایی بەپێی ئەرکەکەی و ئەو بوارەی گوزارشـتی لێ دەکات، بەسـەر سێ جۆردا دابەش دەکرێت: زمانی گوتاری یاســـادانان، زمانی گوتاری دادوەری، زمانی گوتاری زانســـتی یاســـایی)) (کاظم،٢٠١٥: ٣٣-٣٤ ). هەموو ئەمانە وا دەکەن، یاساناس نەتوانێت کارەکانی بەباشی جێبەجێ بکات، ئەگەر شارەزایی تەواوی لەو تایبەتمەندییانە و لە یاســـاکانی بەکارهێنانی زمان نەبێت، بەتایبەتیش بەکارهێنانی وشـــە و زاراوەکان بە واتای ڕاستەقینەی خۆیان، بەمەش گوتاری یاسایی لە لایەک دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی یاسا و لە لایەکی تریشەوە زانستی زمان .

## ٢- ئەرگۆمێنت:

### ٢-١- زاراوەی ئەرگۆمێنت:

بە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە لاتینییەکەی، وشـەی (ئەرگۆمێنت) (Argument) لە کرداری( Arguere) ی لاتینی وەرگیراوە. بە واتای؛ چۆن وا بکەین شتێک ڕوون و ئاشکرابێت و بدرەوشێتەوە و بەدیار بکەوێت، کە لە ڕەگی وشـەی (Argues)ی یۆنانی هاتووە، واتە؛ سپی و درەوشـاوە( بنور، ٢٠٠٨: ٢٥). واتا زاراوەییەکەشـی لە (ڕوون و ئاشـکرایی و درەوشانەوە و دەرکەوتن) نزیکە. بۆ ڕوونکردنەوە و ڕازیکردن و لابردنی تەمومژی و دەرخستنی ڕاستی بەکاردێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وشـــەی (Argue) ئاماژە بە بوونی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان دوولایەن دەکات، هەر لایەنە و بە تێڕوانینەکانی خۆی هەوڵی ڕازیکردنی ئەویتر دەدات، ئەمەش بە پێشـــکەشـــکردن و هێنانەوەی بەڵگە بۆ ســـەلماندنی بیرۆکەکـانی خۆی (بوقرە، ٢٠١٥ :٦٨). لە زمـانی عەرەبیـدا، وەکو واتـای وشـــە(حجـة) بە واتـای؛ بەڵگە(برهـان)، جەدەل(جدل)، مەبەست(قصد) دێت (دحمان، ٢٠١٣ :١٣). دەتوانین واتای وشەکە لەوە کۆبکەینەوە، کە بەڵگە و جەدەل و بەڵگەهێنانەوەیە. قسـەکەر دەتوانێت بە یارمەتی ئەو بەڵگانە، سـەربکەوێت بەسـەر نەیارەکانیدا. ئەرگۆمێنت وەکو زاراوە، وەک لە فەرهەنگی(لالاند)دا هاتووە، بەواتای (بەڵگە و پاساوهێنانەوە بۆ بابەتێک یان بیرۆکەیەک، بە مەبەستی پشتیوانی لێ کردن، یان ڕەتکردنەوە و هەڵوەشـاندنەوەی دێت)(اسماعیلی، ٢٠١٣ :٤٢). زاراوەی(Argumentation)لە فەرەنسیدا بە واتای:

- بەکارهێنانی ئەرگۆمێنت دێت.
- کۆمەڵێک ئەرگۆمێنتە بە ئامانجی بەدیهێنانی یەک ئەنجام.
- هونەری بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتە بۆ سەلماندن، یان ڕەتکردنەوەی بابەتێک لە گفتوگۆیەکی دیارکراودا.

( صولة، ٢٠٠٧ : ٩).

لە زمانی کوردیدا زاراوەی (بەڵگەهێنانەوە، پاســـاوهێنانەوە، بیانووهێنانەوە)، بۆ ئەرگۆمێنت بەکارهاتووە، بەڵام ئەرگۆمێنت هەموو ئەمانە دەگرێتەوە و چەمکی ئەرگۆمێنت فراوانترە، بۆیە بەباش زانراوە، هەر زاراوە باوە جیهانییەکە بەکاربهێنرێت.

### ٢-٢-چەمک و پێناسە و سەرهەڵدانی ئەرگۆمێنت:

ئەرگۆمێنت لەم ســـەردەمەدا یەکێکە لە ڕەهەند و تەوەرە گرنگەکانی شـــیکردنەوەی پراگماتیکی، بەشـــێکی جیا نەکراوەیە لە گوتـار، بەم پێیەی ئەرگۆمێنـت خـاوەنی کۆمەڵێـک تەکنیـک و ئـامرازە بۆ ڕازیکردنی وەرگر و نزیـک کردنەوەی بیر و بۆچوونەکان و ڕوونکردنەوەی ڕاسـتییەکان. ((ئەرگۆمێنت لە بواری زانیاری و زانسـتی جۆراوجۆردا بەکاردێت. لەوانە:(یاســا، فەلســەفە، لۆژیک، ڕامیاری، ڕاگەیاندن، ڕێکلام، ئاین، زمانەوانی و ڕەوانبێژی....هتد). زۆری و

جۆراوجۆری تیۆرەکانی ئەرگۆمێنت، وای کردووە زاراوەکە جێگیر نەبێت و پەیبردن بە چەمکی ئەرگۆمێنت ئاسان نەبێت)) (حنون، ٢٠١٨ :٢٩).

ئەرگۆمێنت، لە گۆشەنیگای جیاجیاوە سەیر دەکرێت، بەپێی توێژەرەکە دەگۆڕێت. لە ڕەوانبێژیی کۆندا ئەرگۆمێنت بە پێکهێنەری گوتار دادەنرا و شێوە و ئەرک و ڕێگەی بەڵگەهێنانەوەی بەپێی گوتارەکە بوو( عرابی، ٢٠٠٩ :٢). چەمکی ئەرگۆمێنت لەناو زمانەوانانیشدا دەگۆڕێت ، ئەم گۆڕانەش بەپێی پاشخانی زانیاری و فەلسەفی و مێژوویی توێژەرەکە دەگۆڕێت. زۆر تیۆر و بۆچوون هەن، پێیان وایە ئەرگۆمێنت گرێدراوە بە گوتاربێژیی کۆن لای (ئەرستۆ)، بۆچوونی تر هەیە بە گوتاربێژیی نوێی (پیرلمان و تیتیکا) و (میشێل مایەر)ی دەیبەستێتەوە، بەپێی هەندێ بۆچوون ئەرگۆمێنت بەستراوەتەوە بە لۆژیکی سروشتی لای(گرایس)(العزاوي، ٢٠٠٦ :١٤). بنچینەی تیۆری نوێی ئەرگۆمێنت دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانی فەرەنسی(دیکرۆ) لە ساڵی (١٩٧٣)، کە بریتییە لە تیۆری ئەرگۆمێنت لە زماندا. ئەم تیۆرە گرنگی بە توانای زمانی سروشتی قسەکەر دەدات، بۆ ئاراستەکردنی گوتارەکانی بە ئاراستەیەکی دیارکراو، کە بتوانێت ئامانجە ئەرگۆمێنتییەکانی بێنێتەدی. ئەرگۆمێنت سەرچاوەی لەم بیرۆکە باوە وەرگرتووە، کە دەڵێت: ((بە شێوەیەکی گشتی ئێمە قسە دەکەین بە مەبەستی کاریگەری دروستکردن لەسەر بەرانبەر لەڕێگەی کەرستە زمانی و بنەما دەوروبەرییەکاندا))(دزەیی، ٢٠١٥: ٣٣). ئەرگۆمێنت پەیوەندییەکی پتەوی بە گوتارەوە هەیە، هیچ گوتارێک بەبێ ئەرگۆمێنت نییە، هیچ گوتاربێژێک نییە، کە ئەرکی داواکار نەبینێت و هیچ وەرگرێکیش نییە، ئەرکی بەرهەڵستکار نەبینێت (عبدالرحمن، ١٩٩٨ :٢٢٦).

پیێر ئۆلیرۆن (Pierre Oleron ) دەربارەی ئەرگۆمێنت دەڵێت: ئەرگۆمێنت بووە بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەمان، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، لە ڕادیۆ، لە تەلەفزیۆن، لە هەموو بوارەکان بەکاردێت. وای لێهاتووە ئەرگۆمێنت تەنیا لای ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکان و نووسەر و ڕەخنەگران قەتیس نەکراوە. تەنانەت لەو دەق و گوتارانەشدا بەرچاو دەکەوێت، کە ڕێکلام دەکەن و پاساو بۆ فرۆشتن و بەکارهێنانی کاڵایەک، یان بەرهەمێکی ڕۆشنبیری دەهێننەوە (بن خراف، ٢٠١٠ :٧٢).

ئەرگۆمێنت لە توێژینەوە نوێیەکانی ڕۆژئاوادا لای زۆر توێژەر گرنگی پێ دراوە، ئەم توێژەرانە بە شێوەیەکی فراوان و بەرچاو لە پێدانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەرگۆمێنت لەسەر بناغەی وانە کۆنەکانی ئەرگۆمێنت بەشداریان کردووە، بە تایبەت وانەکانی ئەرگۆمێنت لای ئەرستۆ، کە بووە بناغەیەکی گرنگ بۆ تیۆرە نوێیەکانی ئەرگۆمێنت. تیۆرەکانی ئەرگۆمێنت بە شێوەیەکی گشتی لە دوو سەرچاوەی زانیاری سەرچاوەیان گرتووە.

١-بۆچوونی پراگماتیکیی لەناو زمانەوانی نوێ و هاوچەرخدا، کە ئەرگۆمێنت یەکێکە لە تیۆر و تەوەرە گرنگەکانی پراگماتیک.

٢-لە بابەتی گوتار و گوتاربێژی بە تایبەتی لای (پێرلمان و تیتیکا) (الراضي، ٢٠١٣ :٧٤٥ ).

ئەرگۆمێنت وەکو تیۆرێکی سەربەخۆ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، بە دیاریکراوی لە ساڵی(١٩٥٨)لەسەر دەستی(شاییم پێرلمان- Chiam Perleman)، لەگەڵ هاوڕێ و قوتابییەکەی (لوسی ئۆلبرێخت تیتیکا- Lucie Olbrecht-Tyteaca ) لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (پۆلێنکردن لە ئەرگۆمێنتدا=ڕەوانبێژی نوێ- مصنف في الحجاج- البلاغة الجديدة) (Traite de I argumentation-Lanouvelle rhetorique ) بناغەی تیۆری ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژییان دارشت( بنو هاشم، ٢٠١٤ :٢٧). تیۆری ئەرگۆمێنتی یان ڕەوانبێژیی نوێ هەموو بوارەکانی گوتاری ئامانجدار بەمەبەستی ڕازیکردن دادەپۆشێت و دەگرێتەوە، ئینجا گوێگرەکەی هەرچۆنێک بێت و بابەتی پەیامەکەش هەر شتێک بێت، هەروەها گوتاربێژی هەموو ئەو گۆڕەپانانە دەگرێتەوە، کە گوتاری تێدا ئاراستە دەکرێت، لە گوتاری ڕۆژانەوە تا دەگاتە گوتاری ئەدەبی و فەلسەفی و یاسایی و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زۆر بوار هەیە، کە بواری ئەرگۆمێنتە، وەکو: ئەرگۆمێنتی ئایینی، پەروەردەیی، ڕەوشتی، هونەری، فەلسەفی، یاسایی و ڕامیاری...هتد( عبدالقادر، ٢٠١٨ :٧٣-٧٤)، هاوکات بێرلمان و تیتیکا پێناسەیەکی نوێیان بۆ ئەرگۆمێنت کرد، لە پێناسەکەدا پێیان وایە، ((ئەرگۆمێنت بریتییە لە کۆمەڵێک تەکنیک لە گوتاردا، کەوا لە بیر و هزری گوێگر دەکات، بۆ ئەو پەیامانەی

ئاڕاستەی دەکرێت خۆی بەدەستەوە بدات، یان پلەی خۆ بە دەستەوەدانەکەی زیاد بکات))( بروتون و جوتییە، ٢٠١١ :٤٥).

چەمکی ئەرگۆمێنت لە ڕەوانبێژی نوێدا لەســەر ئامانجی کارتێکردن لە وەرگر و گۆڕینی بیروباوەڕیان دامەزراوە ، چ بەڕازیکردن بێت یان ڕوونکردنەوە یان ڕاستکردنەوە لەسەر بنەمای پەسند و وەرگیراو، بەم پێیە (پێرلمان) چەمکێکی نوێ دەبەخشێتە ئەرگۆمێنت، بە پێچەوانەی چەمکی ئەرستۆیی، کە نەبەستراوەتەوە بە جەدەل و لۆژیک، بەڵکو پشت بە تەکنیکەکانی گوتار دەبەستێت، کە وا لە گوێگر دەکەن، خۆی بەدەستەوە بدات( عبدالمجید، ٢٠٠٠ : ١١٥).بەم پێیە ئەرگۆمێنت(خۆبەدەستەوەدان، کارتێکردن، کاریگەری، ڕازیکردن) دەگرێتەوە.

## ٢-٣-ئەرگومێنتی یاسایی:

ئەرگۆمێنت یەکێکە لە تەکنیکە کاریگەرەکانی گوتار، کە یارمەتی دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی گوتارەکە دەدات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموو گوتارێک لە دووتوێیدا هەڵگری ئەرکێکی ئەرگومێنت بێت، گوتاری یاسایی لەڕووی هەبوونی ئەو ئەرگۆمێنت و ئامرازە زمانەوانییانەی، کە پەیوەندیکردن چالاک دەکەن، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین جۆری گوتار دادەنرێت، چونکە دادوەر و داواکار و تۆمەتبار و پارێزەر بەیەک دەگەیەنێت.

بە بڕوای شارەزایان گوتاری یاسایی سروشتێکی پراگماتیکی هەیە و پڕە لە ڕەهەندی پراگماتیکی، بەڵام ئەم ڕەهەندە بەدی نایەت، مەگەر یاساکان نەگۆڕدرێن بۆ ڕاستی، واتە دەبێت جێبەجێ بکرێن، هەروەها گوتاری یاسایی گوتارێکی فرە سەرچاوەیە و پێکهاتەیەکە مۆرکێکی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، مێژوویی، سیاسی و زمانەوانی لەخۆ گرتووە، کە بێگومان ئەمەش جارێکی تر ڕەهەندە پراگماتیکییەکانی ئەم گوتارە پشتڕاست دەکاتەوە(کاظم،٢٠١٥: ١٥٣).

بەو پێیەی ئەرگۆمێنتیش بەشێکە لە پراگماتیک و بە گشتی بەوە ناسراوە، کە هەنگاوێکە گوتاربێژ لەڕێگەیەوە هەوڵ دەدات گوێگرانی خۆی بە ڕەوایەتی پەیامەکەی ڕازی بکات، ئینجا ئەگەر ئەرگومێنت بە گشتی وەکو هەنگاوێک لە گوتاردا پێناسە بکرێت، ئەوا ((ئەرگومێنتی یاسایی لە ڕوونترین شێوەیدا ئەوەیە کە گوتارێکی تایبەتە و لەلایەن تاکێک یان گروپێکەوە لە چوارچێوەیەکی یاسایی دیاری کراو و بەپێی ڕێسا و ڕێکارە بەرکارەکان پێشکەش دەکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاری جێبەجێکردن بەدەست بهێنێت)) ( حاجی صفر،٢٠١٩: ١٤).

لێرەدا دەکرێت بڵێین، دەقی یاسایی بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی لەڕووی پێکهاتە و سەرچاوە و ئاڕاستە کردنەوە، ئەرگومێنتێکی دیاریکراو بەپێی یاسا بەرکارەکان و بەمەبەستی کاریگەری و ڕازیکردن بونیات دەنێت، کە ئامانج لێی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە، کە دەسەڵات بۆی دیاری کردووە. جیاوازیی نێوان ئەرگیومێنتی یاسایی و ئەرگیومێنتەکانی تری پروپاگەندە ئەوەیە، کە ((ئەرگۆمێنت بە گشتی پرۆسەیەکی دەروونییە لەسەر بنەمای بەستنەوەی دوو چەمک یان زیاتر بەمەبەستی ڕازیکردنی گوێگر بونیات دەنرێت، کەچی ئەرگومێنتی یاسایی بریتییە لە بەستنەوەی بنەمایەکی یاسایی بە کۆمەڵێک ڕاستی، کە لەگەڵیدا دەگونجێت، بۆئەوەی لە چوارچێوەی ڕێکارە نووسراوەکاندا بخرێتە بەردەم دادگا)) ( سەرچاوەی پێشوو: ١٤). جگە لەمانە ئەرگومێنتەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو توخمەی کە پرسەکە بە بارودۆخەکەی و بەو یاسا و ڕێسایانەی کە بەڕێوەی دەبەن، پێشتر بۆی ئامادەکراوە دەبەستێتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی و پەیڕەوبەندانە دەبێت، کە لەلایەن لایەنێکی فەرمی تایبەتمەند لە بواری یاساییەوە، کە دادوەرانن بەڕێوە دەچێت (فتح الله، ٢٠٢٣: ٢٦٣). دەرەنجام ئەوانەی لە بواری دادوەریدا کار دەکەن، لەوانە: پارێزەر و دادوەر و نوێنەری داواکاری گشتی...، پێویستە زیاتر لە کەسانی دیکە بۆ ڕازیکردنی بەرانبەرەکانیان گرنگی بە بەکارهێنانی ئەرگومێنت بدەن.

## ٢-٣-١-سیماکانی ئەرگۆمێنتی یاسایی:

ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە وەک هەموو گوتارێکی ئاڕاستەکراو، بەم سیمایانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

١-نموونەیەکە لە پراکتیزەکردنی (بەکارهێنانی) زمان لەلایەن دامەزراوەیەکی فەرمی خاوەن دەسەڵاتەوە.

٢-پڕە لە زاراوەی یاسایی ئەرکێک جێبەجێ دەکات، کە بەدیهێنانی دادپەروەرییە.
٣-پلان بۆ داڕێژراوە، لەسەر بنەمای ستراتیژێک بونیات نراوە، کە هەوڵی گەیشتن بە ئامانجێک دەدات.
٤- لەلای داڕێژەران و وەرگرەکان و ئەو دەوروبەرە تایبەتەی تیایدا بەکاردێت، سروشتە دادوەرییەکەی بەرجەستە دەکات.
٦-هەندێکجار لەڕێگای ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە دادوەر کۆنترۆڵی گفتوگۆی نێو دادگاکان دەکات.
٧- ئەرگۆمێنتە یاساییەکان پڕن لە کرداری ئاراستەکردن.
٨-پەیوەستە بە ئەرکەکەی کە ڕازیکردنە، بۆیەش بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە پێکهاتە لۆژیکی و جدلییەکان دەبەستێت.
٩-بەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێت، کە ناوەڕۆکی گوتارە یاساییەکە پێشێل دەکەن.
١٠- هەر لە سنوری کاریگەری و بەڵگەهێنانەوە ناوەستێت، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕێنمایی و چاکسازی.
١١- ستراتیژییەتەکانی ئەرگۆمێنتەکە بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکەی دەگۆڕێت ( یوسف، ٢٠٢١: ١٩٠٣).

## ٢-٤-تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت:

گوتاربێژ لە پێشکەشکردنی ئەرگۆمێنتدا پشت بە هەندێک تەکنیک دەبەستێت، تەکنیکەکانیش بەجۆرێک هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ گوێگر و دەوروبەری گوتنەکە و ناوەڕۆکی گوتارەکەی بگونجێت، ئەو تەکنیکانەشی کە (پێرلمان و تیتیکا) لە تیۆری ئەرگۆمێنتی ڕەوانبێژیی نوێدا پێشنیاریان کردوون و پێیان وابووە لەگەڵ ناوەڕۆکی گوتاری یاسایی دەگونجێن، بریتین لە:

### ٢-٤-١. ئەرگۆمێنتی هەڵێنجان(الاستنتاج):

ئەم ئەرگۆمێنتە دامەزراوە لەسەر گواستنەوە لە شتە گشتییەکان بۆ شتە تایبەتییەکان، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر بەکاردێت. کردەی زەینی هەڵێنجان لەسەر دوو بنەما دامەزراوە ( وکال، ٢٠٠٧ :٦٠):
أ-بنەمای نەبوونی ناکۆکی و دژیەکی.
ب-بنەمای پلەبەندی لە گشتەوە بۆ تایبەت، بەیارمەتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک: (کەواتە، وەک، بۆ نموونە)،کە دەکرێت لە هێلکاری ژمارە(١) بنوێنرێت:

١-گوتنێکی یاسایی ← پێشەکی گەورە
٢-کردەی قسەیی بڕیاردان ← پێشەکی بچووک
٣- سزادان یان لێبوردن ← ئەنجام

هێلکاری(١)

بۆ نموونە:
ماددەی (٨):
یەکەم: هاوردەکردنی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکان، هەناردەکردنیان و گواستنەوەیان، بە مۆڵەت یان بەڕەزامەندیی وەزیردەبێت، دوای ئەوەی ڕەزامەندیی لایەنە تایبەتمەندەکانی ئاسایشی بۆ وەردەگیرێت.
دووەم: مۆڵەت بۆ ماوەی یەک ساڵە و دەکرێت نوێبکرێتەوە.
سێیەم: لە پێدانی مۆڵەتدا، بڕی دیاریکراوی ئەو ماددە هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵیی یان پێشینە کیمیاییە ڕەچاودەکرێت، کە لیژنەی باڵا ڕەزامەندی لەسەر هاوردەکردنی یان هەناردەکردنی یاخود گواستنەوەی داوە، لە هەمان ئەو ساڵەدا کە مۆڵەتەکەی تێدا دەدرێت.

لەم نموونەیەدا برگەی یەکەم ماددەی(٨ )، گوتنێکی یاسـاییە، جگە لەوەی لەشـێوەی  فەرماندانی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کردەیەکی قســـەیی ناڕاســـتەوخۆ، کە دەشـــێت بۆ مەبەســـتی ئاگادارکردنەوە یان هەڕەشـــەکردن یان ئامۆژگاری... بەکارهاتبێت، بە ئامانجی ڕازیکردنی وەرگر هاوکات بووەتە پێشـــەکییەکی گەورەش بۆ ئەرگۆمێنتەکە، برگەی دووەمی ماددەی(٨) بووەتە کردەی قسـەیی و  بڕیاردان، برگەی سێیەمی ماددەی(٨)، بووەتە ئەنجامی ئەرگۆمێنتەکە، کە مۆڵەت پێدانە. ئەم شرۆڤەکردنە لە هێلکاری ژمارە(٢) ڕوونتر دەبێتەوە.

هاوردەکردنی ماددە هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکان،
هەناردەکردنیان و گواستنەوەیان، بە مۆڵەت یان بەڕەزامەندی وەزیردەبێت، ← پێشەکی گەورە
دوای ئەوەی ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکانی ئاسایشی بۆ وەردەگیرێت.

مۆڵەت بۆ ماوەی یەك ساڵە و دەکرێت نوێبکرێتەوە. ← پێشەکی بچووک

لە پێدانی مۆڵەتدا، بڕی دیاریکراوی ئەو ماددە هۆشبەر یان کارتێکارە
عەقڵیی یان پێشینە کیمیاییە ڕەچاودەکرێت، کە لیژنەی باڵا ڕەزامەندی ← ئەنجام
لەسەر هاوردەکردنی یان هەناردەکردنی یاخود گواستنەوەی داوە،
لە هەمان ئەو ساڵەدا کە مۆڵەتەکەی تێدا دەدرێت.

هێلکاری(٢)

## ٢-٤-٢. ئەرگۆمینت بە ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە:

ئەم ئەرگۆمێنتە دامەزراوە لەســـەر پاســـاوهێنانەوە بۆ تێزێک، بە پێدانی زانیاری بە مەبەســـتی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە، ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە لە گوتاری ڕۆژانەدا، یەکێکە لە شێوەکانی ئەرگۆمێنت، کە وەڵامە بۆ پرسیاری (بۆچی؟) (وکال،٢٠٠٧: ٦٢). ئەم تەکنیکە لە هێلکاری ژمارە (٣) ڕوونتر دەبێتەوە.

گوتن١ ← بۆچی؟ گوتن ٢ ← لەبەرئەوەی
ئەرگۆمێنت ١ بۆچی ئەرگۆمێنت ٢ چونکە
(میشال ئادەمر) بەم شێوەیە، ئەم ئەرگۆمینتە ڕووندەکاتەوە:
• خستنەڕووی ڕاڤەکردنی بابەتەکە
١-بۆچی؟ (س) چۆن؟ خستنەڕووی بابەتەکە بەشێوەی( گرفت، پرسیار).
٢- لەبەرئەوەی خستنەڕووی بابەتەکە بەشێوەی(ڕاڤەکردن- وەڵام).
٣- خستنەڕووی بابەتەکە بەشێوەی(کۆتایی- هەڵسەنگاندن)

هێلکاری(٣)

بۆ نموونە:

ماددەی (٧):

یەکەم: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت ســـەنتەرێکی شـــیاندنەوەی کەســـانی ئالووده بوو بە بەکارهێنانی ماددە هۆشـبەر یان کارتێکەرە ئەقڵییەکان دادەمەزرێنێت،  بەپێی پێویسـت سـەنتەری دیکە لە پارێزگاکان دەکاتەوە.

دووەم: ئەو ســـەنتەرەی لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووســـکراوە، تایبەت دەبێت بەوانەی بە بڕیاری دادوەر ئازاد دەکرێن، یاخود لە فەرمانگەی چاکســـازی یان فەرمانگەی چاکســـازیی نەوجەوانان بە کۆتاییهاتنی حوکمەکانیان ئازاد دەبن، یان لە نەخۆشـخانە دەهێنرێنە دەرەوە یان هامشۆکردنیان بۆ نۆرینگەی دەروونی – کۆمەڵایەتی ڕادەگیرێت

و لیژنەکانی پەیوەندیدار بە بارەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت، بڕیار لەسەر بارودۆخیان و پابەندکردنیان بە پرۆگرامەکانی شیاندنەوە دەدەن.

سێیەم: سەنتەرەکە، پرۆگرامێکی گونجاو بۆ شیاندنی ئارەزوومەندان بۆ فێربوونی پیشەیەکی گونجاو لەگەڵ لێوەشاوەییان و خستنەسەرکاریان دادەنێت، بەجۆرێ کە داهاتێکی گونجاویان بۆ مسۆگەر بکات، سەرەڕای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دیکەی چاودێریکردنی بڕیارلێدراو بۆیان.

ئەم ئەرگۆمێنتە لە هێلکاری ژمارە (٤) ڕوونتر دەبێتەوە:

خستنەڕوو: ← بەکەم وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت یان سەنتەرێکی شیاندن دەکات.

بۆچی: ← کەسانی ئاڵوودە بوو بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دادەمەزرێنێت، بەپێی پێویستیش سەنتەری دیکە لە پارێزگاکان دەکاتەوە.

لەبەرئەوە: ← سەنتەرەکە پرۆگرامێکی گونجاو لەگەڵ لێوەشاییان دادەنێت.

کۆتایی: ← سەنتەرەکە داهاتێکی گونجاویان بۆ مسۆگەر دەکات، سەرەڕای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دیکەی چاودێریکردنی بڕیار لێدراو بۆیان.

هێلکاری(٤)

### ٢-٤-٣. ئەرگۆمێنتی دژیەک و پێچەوانە:

ئامرازێکی گوتارییە، ئەو کەسەی کە پەیامە یاساییەکەی ئاراستە کراوە، پابەند دەکات بە بابەتێکی دیاری کراو، بەڵام لەسەر ئەوانی تر لای دەبات، بۆ نموونە: یاسا خزمەتی سەربازی بەسەر هەموو گەنجێکدا دەسەپێنێت، کە گەیشتووەتە تەمەنی بیست ساڵی، بە پێچەوانەوەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم ئەرکە پابەند کردنە کچان ناگرێتەوە (BELABED:2014:158-159 ). بۆ نموونە:

ماددەی (٩):

نابێت ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی یان پێشینەی کیمیایی، هاوردە یان هەناردە یان بگوازرێتەوە، یاخود بچێنرێت یان بەرهەم بهێنرێت یان دروست بکرێت، یاخود خاوەندارێتی بکرێت یان بەکاربهێنرێت، یاخود دەستداربکرێت یان بەدەست بهێنیرێت یان کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت، یاخود ڕادەست بکرێت یان بازرگانی پێوە بکرێت یان لە ڕووی پزیشکییەوە سەرفبکرێت یان بە نووسینی ڕاچێتەی پزیشکی بدرێت، یاخود سەودای پێوە بکرێت یان بەهەر سیفەتێک بێت دەستی لێ هەڵبگیرێت یان نێوەندگیری لە یەکێک لەو کردانەی سەرەوەدا بکرێت، بێجگە لە مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی و تەنیا بەپێی ئەو حاڵەت و مەرجانەشی، کە لەم یاسایەدا دەقنووس کراون.

ماددەی (١٠):

یەکەم: ئەو مۆڵەتەی کە لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەدا دەقنوسکراوە، تەنیا بەم لایەنانەی خوارەوە دەدرێت:

١- فەرمانگەکانی هەرێم و پەیمانگە زانستییەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی زانستی دانپێدانراو، کە پسپۆرییەکانیان پێویستی بە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵییەکانە.

٢- خاوەنی کارگەکانی شیکردنەوەی کیمیایی یان پیشەسازیی یان خۆراکی یان هەر شتێکی دیکە، کە کارەکانیان پێویستی بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵییە.

٣- خاوەنی ئەو کارگە و شوێنانەی مۆڵەتدراون بە دروستکردنی ئەو دەرمانانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی دەخرێتە ناو پێکهاتەکانیانەوە.

لە ماددەی (٩)دا، ئەرگۆمێنتی پێچەوانە بەکارهاتووە، کە دەڵێت نابێت ماددەی هۆشبەر و کارتێکەری ئەقڵی یان پێشینەی کیمیایی، هاوردە و هەناردەبکرێت و بچێنرێت و بەرهەمبهێنرێت و دروست بکرێت، ئەم ڕەتکردنەوەش بەهۆی شێوازی دارشتنی پەیامەکە، کە فەرماندانی ناڕاستەوخۆی نەرێیە، لەڕێگەی کردەیەکی قسەیی ناڕاستەوخۆ بە

مەبەستی ئاگادارکردنەوە یان هەڕەشە ئاراست کراوە... ئەم جۆرە شێوازە هێزێکی کاریگەری هەیە و وەرگر ئاراستە دەکات بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کردارێک، بەڵام دواتر لە کۆتایی ماددەکەدا بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی هەڵاوێر کردن(بێجگە) ئەنجامەکە پێچەوانە دەکاتەوە و دەڵێت: ئەو بڕیارە ئەو کەس و لایەنانە ناگرێتەوە، کە بۆ مەبەستی پزیشکی یان زانستی یان پیشەسازی ئەو ماددانە بەکاردێنن، وەک ئەوەی لە ماددەی(١٠)ی بڕگەی یەکەم، خاڵی (١، ٢ ، ٣)دا هاتووە.

### ٢-٤-٤. ئەرگۆمێنتی هاوشێوە:

واتە بابەتێکی یاسایی هەیە، کە دراوە و سەلمێنراوە بۆ پابەندبوونێکی یاسایی بۆ بەراوردکردنی بە بابەتێکی تر، بۆ نموونە: ئەگەر لە دەقێکی یاساییدا هاتبوو، کە نابێت سەگ ببرێتە نەخۆشخانە، ئەمەش هەمان شتە و هاوشێوەیە، کە نابێت ببرێتە شوێنە تایبەتییەکانی تر ( BELABED:2014:159).

بۆ نموونە:

ماددەی (٢١):


جگە لە مەبەستەکانی پزیشکی یان زانستی و تەنیا لەو حاڵەتانەی کە بەپێی ئەم یاسایە ڕێگا پێ دراون، چاندن یان هاوردەکردن یان هەناردەکردن، یاخود خاوەندارێتی کردن یان بەدەستهێنان یان دەستداری یاخود کڕین یان فرۆشتن یان گواستنەوە یان ڕادەستکردن یان ئاڵوگۆڕپێکردن، یاخود دەست لێ هەڵگرتن یان نێوەندگیریی لە هەر کردەیەک لەوانەی سەرەوە، بۆ ئەو ڕووەکانە قەدەغەیە، کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی هاتوو لە خشتەی (یەکەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەیان لێ بەرهەم دێت، لە تەواوی قۆناغەکانی گەشەکردنیان و تۆوەکانیشیان، لەو ڕووەکانەش (خەشخاش)، (ئەفیۆن) ، ڕووەکی گوش (قنب)، دەوەنە کۆکا (جبنة الکوکا)، (قات) و ئەو ڕووەکانەشی، کە ئەمانە لەخۆدەگرن و لەڕووی بۆهێڵەوە هەموارکراون و کاریگەری هەمان ماددەی هۆشبەریان هەیە.

لە مادەی (٢١)دا، ئەرگۆمێنتی هاوشێوە لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، کە دەشێ بۆ هەواڵدان یان ئاگادارکردنەوە یان یامۆژگاری کردن...هتد بەکارهاتبێت، تا لەو ڕێگەیەوە وەرگر ڕازی بکات بە دوورکەوتنەوە لەم ڕووەکانەی لە کۆتایی ماددەکە ناویان هاتووە، چونکە ئەم ڕووەکانەش هاوشێوەی ڕووەکەکانی خشتەی یەکەمی هاوپێچکراو بە یاساکەوە، جگە لە مەبەستی پزیشکی، چاندن، هاوردەکردن، هەناردەکردن، کڕین و فرۆشتنیان ...هتد قەدەغەیە.

### ٢-٤-٥. ئەرگۆمێنتی هۆیی:

ئەرگۆمێنتی هۆیی بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندیی لەنیوان هۆ و کردارەکان، هەموو ڕەگەزەکان و دیاردەکان و بارودۆخەکان(وکال،٢٠٠٧: ٦٤-٦٥)، کە دەکرێت تەکنیکەکە لە هێلکاری ژمارە (٥) ڕوون بکرێتەوە:




هێلکاری (٥)

بۆ نموونە:

ماددەی (٢٨):

یەکەم: هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێک یان ڕاسپێردراوێک بە ڕاژەی گشتی، لەوانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، یان بەهێز یان توندوتیژیی یان بە چەک، لە کاتی بەجێگەیاندنی وەزیفە یان بەهۆیەوە بەرەنگاریان ببێتەوە، ئەوا بە زیندانیکردنی کاتی سزا دەدرێت.


دووەم: سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی هەتاهەتایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1- ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، پەککەوتەیی هەمیشەیی لێ کەوتەوە.

2- ئەگەر بکەر لەو فەرمانبەرانە بێت، کە نەهێشتنی تاوان یان پاراستنی ئاسایشی گشتیان پێسپێردرابێت.

سێیەم: ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە، بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو، ئەوا سزاکە دەبێتە لەسێدارەدان.

ئەرگۆمێنتی هۆیی لە ماددەی(٢٨) بەکارهاتووە، بەشێوەیەک لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، (هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێک یان ڕاسپێردراوێک بە ڕاژەی گشتی، لەوانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، یان بەهێز یان توندوتیژیی یان بە چەک، لە کاتی بەجێگەیاندنی وەزیفە یان بەهۆیەوە بەرەنگاریان ببێتەوە)، کە ئەمە هۆکارەکەیە، دەبێتە هۆ بۆ کردارێک کە زیندانیکردنی کاتییە، کەچی لە ماددەی دووەم، دەبێتە زیندانیکردنی هەتا هەتایی، ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، پەککەوتەیی هەمیشەیی لێ کەوتەوە، یان ئەگەر بکەر لەو فەرمانبەرانە بێت، کە نەهێشتنی تاوان یان پاراستنی ئاسایشی گشتییان پێ سپێردرابێت، دەبێتە لە سێدارەدان، ئەگەر مردنی تاوانلێکراوی لێ کەوتەوە، ئەم ڕاڤەکردنە لە هێلکاری ژمارە (٦) ڕوونتر دەبێتەوە.




هێلکاری (٦)

ئەرگۆمێنتی هۆیی وەکو ستراتیژێکی ئەرگۆمێنتی ڕۆڵێکی گرنگی لە دارشتنی پرۆژە یاساکەدا بینیوە و لە زۆر شوێن ئاماژەی پێ دراوە، بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بۆ هەر یەک لەو سزایانەی لە برگە و ماددەکانی یاساکە دیاریکراوە، هۆکاری دیاریکردنی ئەم جۆرە سزایە ڕوونکراوەتەوە، تا بەو هۆیەوە .وەرگر بەدوورکەوتنەوە لەم سەرپێچییانە ڕازی بکات.

## ٢-٤-٦.ئەرگۆمێنتی پێناسەکردن:

پێناسەکردن لای ئەرەستۆ (دەربڕینێکە گوزارشت لە چییەتی(ماهیة)ی شتێک دەکات. پێناسەکردن شێوازێکە لە ئەرگۆمێنت و شێوەیەکە لە بەڵگەهێنانەوە، قسەکەر بۆ بەدەستهێنانی ڕازیکردن پەنای بۆ دەبات، چونکە پێناسە وا دەکات شتێک بناسین و تایبەتمەندییەکانی بزانین، بۆئەوەی ببێتە بەڵگەیەک لەسەر ئەو بڕیارەی مەبەستمانە بیدەین بە ئەرێ، یان نەرێ. پێناسە لای پێرلمان بەڵگەیە بەکارهێنانی وەک ستراتیژێکی ئاڕاستەکردن و پاساوهێنانەوەیە، پێناسە بۆئەوەیە، کە چەمکەکە لای گوێگر پەسەند بکرێت و بخرێتە ڕوو (المغامسی، ٢٠١٦ : ٣٥٤)، پێناسەکردن لە ئەرگۆمێنتدا: بریتییە لە دیاریکردنی ئەو ڕەگەزانەی، کە بابەتی گوتارەکەن، گوتاربێژ بۆ هێنانەوەی ئەرگۆمێنتەکەی، جەخت لەسەر بیرۆکەیەک، یان بنەمایەک دەکاتەوە، بەهۆی پێناسەکردن چەمکەکان، یان شتەکان، یان ڕووداوە کەتوارییەکان دیاری دەکات (Perleman and Tyteaca:1971:210)، بەڵام (پێرلمان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەم شێوازە نرخ و بەهای ئەرگۆمێنتیان نییە، تەنیا لە بارودۆخ و بارێکی زۆر تایبەت نەبێت (الطلبة، ٢٠٠٨ :١٢٨). واتە بارودۆخ و بارەکە مانایەکی ئەرگۆمێنتی بەم دەربڕینە دەدات (أبوغلیون، ٢٠١٨ :٤٥). (لیونێل بلنجیر)، نێرەر مەبەستی لە

پەنابردنەبەر پێناسە بۆ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی بابەت و چەمکەکان بەشێوەی ئەرێنی، یان نەرێنی لە بیری گوێگر و بۆ هاندانی بۆ کردەکانی بیر، بۆ ئەوپەیامانەی پێشکەشی دەکرێت، بەڕازیبوونی یان ڕەتکردنەوەی (جودی، ٢٠١٦ :١٠٥). پێرلمان سێ جۆر لە ئەرگۆمێنتی پێناسەی دیاری کردووە(المغامسی، ٢٠١٦ : ٣٥٤-٣٥٥).

أ-پێناسەی وشەیەک دەکات زانراو نییە بەلای گوێگرانەوە، لەبەرئەوەی وشەکە نامۆیە، یان نوێیە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ هەندێک وشە کە زانراو و ڕوونن، بۆ نموونە:

ماددەی(١):

حەڤدەیەم: ڕووەکی هۆشبەریی هەموارکراو لە ڕووی بۆهێڵەوە (جینیا): ئەو ڕووەکە خۆڕسکانەن، کە بەمەبەستی لێدەستکەوتنی ماددە هۆشبەرەکان، لەڕووی بۆهێڵەوە هەمواردەکرێن.

لە ماددەی(١)ی برگەی حەڤدەیەم، دەستەواژەی ڕووەکی هۆشبەری هەموارکراو لەڕووی بۆهێڵەوە(جینیا)، هاتووە، ئەم دەستەواژەیە بۆ وەرگر و خوێنەر ڕوون نییە، بۆیە لێرەدا لە شێوەی کردەیەکی قسەیی هەواڵدان ئەرگۆمێنتی پێناسەی بۆ پێناسەکردنی ئەم جۆرە ڕووەکە بەکارهێناوە، بۆئەوەی ڕووەکەکە لای وەرگر ڕوونتربێت، کە ئەمەش ماددەی هۆشبەرە و هەمان سزای ماددە هۆشبەرکانی تر دەیگرێتەوە، ڕەنگە ئەگەر ئەم پێناسەیە لە زانستی ڕووەکناسی و کشتوکاڵدا بهێنرێتەوە، نەبێتە ئەرگۆمێنت، بەڵام لەم بارە (مقام)دا، ئەم پێناسەیە دەبێتە ئەرگۆمێنت و ڕۆڵی ئەرگۆمێنتی ڕازیکردن دەبینێت.

ب-پێناسەی بیرۆکەیەک، یان چەمکێک دەکات بەشێوەیەکی ئەرگۆمێنتی، لەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەکان و لێکدانەوەیان و بەکارهێنانی ئاوەڵناو بۆ وەسفکردن و ئاسانکردن و لابردنی ناڕوونی و بەکارهێنانی ڕاڤەکردن و درێژەپێدان، بۆ نموونە:

ماددەی(١):

شازدەیەم: گیراوە: هەر تێکەڵەیەکی ڕەق یان شل یاخود گازییە، کە ماددەی هۆشبەر لەخۆبگرێت، بەپێی ئەوەی لە برگەکانی (شەشەم و حەوتەم و هەشتەم)ی ماددەی (1)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

لە ماددەی(١)، برگەی شازدەیەم، چەمکی گیراوە هاتووە، ئەرگۆمێنتی پێناسە بەکارهاتووە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی گیراوە، بەهۆی هاوەڵناوەکانی(ڕەق و شل و گازیی)، بۆئەوەی لای وەرگر ڕوون بێت، کە ماددەی هۆشبەر دەکرێت لەشێوە و دۆخی ڕەق و شل و گازیش بەکاربێت، لێرەدا ئەم پێناسەیە دەبێتە ئەرگۆمێنت، بەڵام ئەگەر ئەم پێناسەیە لە زانستی کیمیا بهێنرێتەوە، نابێتە ئەرگۆمێنت، بەڵام لەم بارە (مقام)دا، ئەم پێناسەیە دەبێتە ئەرگۆمێنت و ڕۆڵی ئەرگۆمێنتی ڕازیکردن دەبینێت.

ج-پێناسەکە لە سەرەتای گفتوگۆ یان گوتارەکە دێنێتەوە، بیرۆکەیەک دەردەبڕێت، ڕاڤەکردنی وشەیەک، یان چەمکێک، یان شتێک دەگرێتەوە، جگە لەمەش بۆ ئەوەی ببێتە خستنەسەرێک بۆ ئەو بڕیارانەی پشتیی پێ دەبەستێت، بۆئەوەی ئەم دەربڕینە ببێتە پێشەکییەک بۆ بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن. لە بواری یاسادا ئەرگۆمێنتی پێناسە ڕۆڵی ناساندنی تاوانێک یان چەمکێکی یاسایی دەگرێتەوە، کە مەبەست لێی ڕازیکردنی وەرگرە بە ناوەڕۆکی یاساکە، بۆ نموونە:

ماددەی(١):

دەیەم: بازرگانی پێ کردنی ناڕەوا: چاندنی ماددە هۆشبەرەکان یان بازرگانی پێ کردنیان، یاخود بازرگانی پێ کردن بە کاتێکارە ئەقڵیی یان پێشینە کیمیاییەکان، بە پێچەوانەی ئەو حوکمانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

یازدەیەم: هاوردەکردن: هێنانی ماددەی هۆشبەر، کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکان بۆ ناو هەرێم.

دوازدەیەم: هەناردەکردن: بردنەدەرەوە یان گواستنەوەی ماددە هۆشبەر، کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکانە بۆ دەرەوەی هەرێم، چ لە ناوەوەی عێراق، یان بۆ وڵاتانی دیکە، یاخود بە ڕێگای تێپەڕبوون (ترانزێت). مانای زارەوەی هەناردەکردن، سەرلەنوێ هەناردەکردنیش دەگرێتەوە، تەنیا مەگەر بەڵگەنەیەک (قرینە) هەبێت لەسەر پێچەوانەکەی.

سیازدەیەم: دەستداری (حیازە) و خاوەنداریەتی: دەستداریی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکانە، بە هەر سیفەتێک بێت و بۆ هەر مەبەستێک بێت.

پێناسە یان ناساندنی تاوانێک بە پەیوەندییەکی باوەڕ پێ کراوی نێوان یاسادانەر و پەسندکەری یاساکە دادەنرێت، کردەیەکی پەیوەندییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەرهەم دێت ، ئەمە خاڵی دەستپێکی ئەرگۆمێنتێکی یاساییە بەرەو ئەنجامێکی مەبەستدار. ئەرگۆمێنتی پێناسە یەکێکی ترە لەو ستراتیژانەی، کە ڕۆڵێکی دیاری لە ڕوونکردنەوەی ئەو ماددە و بڕگەکانەی یاساکەدا بینیووە، کە ناڕوونن، بێگومان ئەمەش هەر بۆ ئەوە بووە، ناوەڕۆکی یاساکە زیاتر بۆ وەرگر ڕوون ببێتەوە، تا لەو ڕێگایەوە کاریگەری زیاتری لەسەر دروست بکات، بۆ نموونە هەر لەسەرەتای پڕۆژە یاساکەدا، لە ماددەی(١) و بڕگەکانی(دە و یازدە و دوازدە و سیازدە)دا، پێناسەی کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی وەک:( بازرگانی نارەوا، هاوردەکردن، هەناردەکردن، دەستداری(حیازە) و خاوەنداریێتی...)کردووە، بۆ ئەوەی ئەم پێناسانە ببنە ئەرگۆمێنتێک بۆ ناساندنی ئەو سزا و بڕیارانەی، لەڕووی یاساییەوە دەریدەکەن، ڕەنگە پێناسەی(هاوردەکردن و هەناردەکردن) لە زانستی ئابووریدا نەبێتە ئەرگۆمێنت، بەڵام لەم بارەدا ڕۆڵی ئەرگۆمێنتی ڕازیکردن و کارتێکردن دەگێڕێت.

### ٢-٤-٧. ئەرگۆمێنتی بەراوردکاری:

یەکێکی تر لە تەکنیکەکانی تری ئەرگۆمێنت، تەکنیکی بەراورکردنە. بەراوردکردن بریتییە لە توانای پشکنین و ئاشکراکردن لەسەر لێکچوون و جیاوازی، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات لەمیانەی بەراوردکردن لایەنی لێکچوون و جیاوازیی نێوان دوو هەڵوێست، دوو چەمک، دوو نموونە، لە دوو کەتواردا ئاشکرا بکات. بەراورکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئەرگۆمێنتدا، کە پێویستە بەراوردکردن لە نێوان دوو بیرۆکە، یان زیاتردا بکات، بۆ سەرخستنی یەکێک لە بیرۆکەکان. ئەم ئەرگۆمێنتە لە لایەک گرنگە بۆ گوتاربێژ بۆئەوەی لایەنی لێکچوون و خاڵە هاوبەشەکانی لەنێوان خۆی و گوێگرەکانی زەق بکاتەوە (هەمان بەها، هەمان ئامانجی هاوبەش، هەمان هەڵوێست)، هەروەها لایەنە جیاوازەکانی لەگەڵ نەیارەکانی زەق بکاتەوە(سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٦: ٣٦١). ئەرگۆمێنتی بەراوردکاری، شێوازێکی باوە لە ڕازیکردن و ڕۆڵێکی گرنگ لە بەهێزکردنی ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی دەگێڕیت، ئەرگۆمێنتی نیمچە لۆژیکی، هێزی ڕازیکردنی خۆی لە بەیەکچوونی لەگەڵ لۆژیکی شێوەیی و لۆژیکی بیرکاری لە بەڵگەهێنانەوەدا وەردەگرێت (Perleman and Tyteaca,1971:193)، بەڵام وەکو ئەوان نین، تەنیا لێیان دەچن، واتە ئەو ئەرگۆمێنتانەن، کە تەواو لۆژیکی نین، بەڵام پشت بە بنەمای لۆژیکی دەبەستن (ابوغلیون، ٢٠١٨ :٤٢)، کە هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی دوو شت یان چەند شتێک، بە مەبەستی ڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندن و دووبارە بونیاتنانەوەیان، بۆ نموونە:

ماددەی (٢٨):

یەکەم: هەر کەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێک یان ڕاسپێردراوێک بە ڕاژەی گشتی، لەوانەی ئەم یاسایە جێبەجێدەکەن، یان بەهێز یان توندوتیژی یان بە چەک، لەکاتی بەجێگەیاندنی وەزیفە یان بەهۆیەوە بەرەنگاریان ببێتەوە، ئەوا بە زیندانیکردنی کاتی سزا دەدرێت.

دووەم: سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی هەتاهەتایی لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، پەککەوتەیی هەمیشەیی لێکەوتەوە.

٢- ئەگەر بکەر لەو فەرمانبەرانە بێت، کە نەهێشتنی تاوان یان پاراستنی ئاسایشی گشتیان پێ سپێردرابێت.

سێیەم: ئەگەر ئەو دەستدرێژییەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە، بووە هۆی مردنی تاوانلێکراو، ئەوا سزاکە دەبێتە لە سێدارەدان.

ئەم ئەرگۆمینتە لە ماددەی(٢٨) و بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا بەکارهاتووە، لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، هەرکەسێک دەستدرێژی بکاتە سەر فەرمانبەرێک لە کاتی ڕاژەی گشتی و ئەوانەی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، بەهێز، یان توندوتیژی یان چەک، ئەوا بە زیندانی کاتی سزا دەدرێت، بەڵام سزاکەی دەبێتە زیندانی کردنی هەتاهەتایی، لەم حاڵەتانەدا، ئەگەر ئەو دەستدرێژییە پەککەوتەیی هەمیشەیی لێ بکەوێتەوە، یان ئەگەر بکەر لەو فەرمانبەرانە بێت، کە پارستنی گشتییان پێ سپێرابێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەستدرێژییە مردنی تاوانلێکراوی لێ بکەوێتەوە، ئەوا سزاکەی دەبێتە

لە سـێدارەدان. ئەم ئەرگۆمێنەش بۆ ترسـاندن و ڕازیکردنی وەرگرە، بۆئەوەی خۆیان بە دوور بگرن، لە دەسـتدرێژی کردنە سەر فەمارنبەرانی جیبەجێکاری ئەم یاسایە.

ئەرگۆمێنتی بەراوردکاری کە لە دەقی ماددەی (٢٨)دا لە شـێوازی فەرماندانی ناڕاسـتەوخۆ، وەکو کردەیەکی قسـەیی ناڕاسـتەوخۆ بەهۆی کۆتکەری ئەرگۆمێنتی (هەر) لە شێوەی گشـتاندن بەمەبەسـتی ئاگادارکردنەوە یان هەڕەشـەکردن ...ئاڕاسـتەی هەموو وەرگرەکان بەگشـتی کراوە، هەوڵ دەدات بە بەراوردکردنی ئەم دوو سـزایەی لە برگەی (یەکەم ، دووەم)ی ماددەی (٢٨)دا هاتوون، وەرگر بترسـێنێت و ڕازی بکات، کە بە هەموو شـێوەیەک خۆی لە دەسـتدرێژی کردنە سەر فەمارنبەرانی جیبەجێکاری ئەم یاسایە، بە دوور بگرێت، ئەگەرنا ڕووبەڕی ئەم سزا قورسانە دەبێتەوە.

### ٢-٤-٨. ئەرگۆمێنتی سوودبەخشی(پراگماتی):

ئەم ئەرگۆمێنتە ئەرگۆمێنتی ئەنجامیشـــی پێ دەگوترێت، پێرلمان بەم شـــێوەیە پێناســـەی دەکات: ئەرگۆمێنتی سوودبەخش، یان ئەرگۆمێنتی ئەنجام، هەڵسەنگاندن بۆ کارێک، ڕووداوێک، یان یاسایەک، یان هەر شتێکی تر دەکات، بەپێی ئەنجامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو کارە، یان ڕووداوە، یان یاســـایە، هەر بە هۆی ئەم ئەرگۆمێنتە دەرئەنجامی کارێک نیشـان دەدرێت، ئینجا چ لە ئێسـتادا بێت، یان لە داهاتوودا (Perleman and Tyteaca,1971:266-267). ئەرگۆمێنتی پراگماتی، بۆ ئاڕاسـتەکردنی هەڵسـوکەوت و خوڕەوشـت کاریگەریی ڕاسـتەوخۆی هەیە، بە گرنگترین ئامرازەکانی ئەرگۆمێنت دادەنرێت، بواری ئەم ئەرگۆمێنتە لەســـەر نرخاندنی ڕووداوێک دامەزراوە، بە باســـکردنی ئەنجامەکانی. مەبەست لەم ئەرگۆمێنتە تەنیا نرخاندن نییە، بەڵکو ئاڕاستەکردنی کارەکەیە (صولة، ٢٠١١ :٥٠). زۆرجار دەوترێت: درەخت بە بەرەکەی، یان بەرهەمەکەی دەناســـرێتەوە. واتە؛ هەڵســـەنگاندنی درەختێک بە هۆی نرخاندنی بەرەکەیەتی (بروتون و جوتییە، ٢٠١١ :٥٠)، ئەم جۆرە تەکنیکە لە بواری یاسادا زۆر بەکاردێت، وەک:

پرسیار: ئایا پێویستە دەنگ بەم برگە یاساییە بدەین؟

وەڵام(١): بەڵێ، چونکە ئەنجامەکانی فلان و فلان شتی باش دەبێت.

وەڵام(٢): نەخێر، چونکە ئەنجامی خراپی فلان و فلانی لێ دەکەوێتەوە (بلانتان، ٢٠٠٨ :٧٧).

نموونە:

ماددەی (٢٦):

یەکەم: هەر کەســـێک یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، ئەوا بەزیندانیکردنی هەتاهەتایی یان کاتی و پێبژاردنێک کە کەمتر نەبێت لە (٣٠٠٠٠٠٠٠) سـی ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە(٩٠٠٠٠٠٠٠) نەوەد ملیۆن دینار سـزا دەدرێت، ئەگەر:

١- ماددەی هۆشـبەر یان کارتێکەری ئەقڵی یان پێشـینەی کیمیایی، هاتوو لە خشـتەی ژمارە (یەکەم)ی هاوپێچی ئەم یاســـایەی، بەدەســـتهێنابێت یان دەســـتداری کردبێت یاخود کڕیبێتی یان فرۆشـــتبێتی یان ڕادەســـتی کردبێت یان وەریگرتبێت یان گواســـتبێتیەوە یان دەســـتی لێ هەڵگرتبێت یان ئاڵوگۆری پێ کردبێت یان ســـەرفی کردبێت بە هەر سیفەتێک، یاخود نێوەندگیری لە یەکێک لەو کردانە کردبێت ، بە مەبەسـتی بازرگانی پێ کردنی بە هەر شێوەیەک بێت، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێ داون.

٢- ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵی، بۆ بەکارهێنان پێشـکەشـی کەسـی دیکە کردبێت، یان بەشـدار بووبێت یان هاندەر بووبێت لەسەر بەکارهێنانی، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێ داون.

٣- مۆڵەتدرابێت بە دەسـتداریی ماددەی هۆشـبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی یان پێشـینەی کیمیایی، هاتوو لە خشـتەکانی ژمارە (یەکەم، دووەم، ســـێیەم)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاســـایە، بۆ بەکارهێنانی لە مەبەســـتێکی دیاریکراودا، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم مەبەستە ڕەفتاری پێکردبێت.

٤- شوێنێکی بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی، بەڕێوە بردبێت یان ئامادە کردبێت یان ڕەخساند بێت.

لەم نمونانەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی ئەرگۆمێنتی سوودبەخشی یان ئەنجام، باسی سەرئەنجامی خراپی ئەو کەسانە کراوە، کە یەکێک لەم کردەوانە ئەنجام دەدەن، کە لە برگەی(١، ٢ ،٣، ٤))ماددەی( ٢٦)ئاماژەیان پێ دراوە، ئەوا بە بەزیندانی کردنی هەتاهەتایی یان کاتی و پێبژاردن سزادەدرێن، ئەوەشی هێزی ئەرگۆمێنتەکەی زیاترکردووە، بەکارهێنانی کۆتکەری (هەر)ە لە مادەی یەکەم و برگەی (١)دا، کە لەلایەکەوە جەختکردنەوە دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە سنوری بڕیارەکەی دیاری کردووە، کە بڕیارێکی گشتگیرە و بەسەر هەموو ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێت، بە مەرجێک ئەو تاوانانەیان ئانجام دابێت، کە لە برگەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤)دا باس کراون، هاوکات بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەری (یان) لە برگەی (٢، ٣ ، ٤) دیسان بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە تاوانبار هەر کام لەم سەرپێچیانەی سەرەوەی ئەنجام دابێت، سزاکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بێگومان سودی ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە وەکو یەکێکی تر لەو ستراتیژانەی لە دارشتنی یاساکە پشتی پێ بەستراوە، ئەوەیە کە کاریگەری لەسەر گوێگران دروستبکات و هەم هانیانبدات و هەم ڕازیان بکات، تا لەم کارە خراپانە دوور بکەونەوە.

ماددەی (٣٥):

یەکەم: هەر کەسێک لە نێو تاوانبارەکان، دەستپێشخەر بێت لە هەواڵدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر تاوانەکە، بەر لە ئەنجامدانی و پێش ئەوەی دەسەڵاتەکان دەست بە گەڕان و بەدواداگەڕانی ئەنجامدەرانی و زانینی بکەرەکانی دیکە بکەن، لەو سزایانەی لەم یاسایەدا دەقنووسکراون دەبوردرێت، بەڵام ئەگەر هەواڵدانەکە لە دوای دەستپێکردنی دەسەڵاتەکان بێت بەو ڕێوشوێنانە، ئەوا تەنیا ئەوکاتە لە سزاکە دەبوردرێت کە هەواڵدانەکە دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارانەی ئاسان کردبێت.

گرنگی یان سودێکی تری ئەرگۆمێنتی پراگماتی ئەوەیە، کە بۆ سەرئەنجامی کاری باشیش بەکاردێت، بۆ نموونە لە ماددەی (٣٥)دا دەیەوێت وەرگر ڕازی بکات، بۆیە دڵنیای دەکاتەوە، کە هەر کەسێک لەنێو تاوانبارەکان بەویستی خۆی دەستپێشخەربێت لە هەواڵدان بە دەسەڵاتە گشتییەکان لەسەر تاوانەکە، بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەوە لەو سزایانەی لە ماددەی (٢٦)دا هاتوون، دەبوردرێت، ئەم برگەی یاساکە هەم گشتگیرە و هەم مەرجدارە، گشتگیرە، چونکە هەموو کەسێک دەگرێتەوە مەرجدارە، چونکە دەبێت کەسەکان خۆیان دەستپێشخەری بکەن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەلێکە بۆ ئەو کەسانەی شێوازی مەرجیش ڕەهەندێکی تەواو پراگماتیکییە، چونکە پەیوەستە بە دەوروبەرەوە.

نموونەیەکی تر:

ماددەی (٣٨):

یەکەم: ئەو کەسەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی بەکاردەهێنێت، و لە خۆیەوە دەیتەپێش بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەی تایبەتمەند بە چارەسەرکردنی کەسانی ئالودەبوو، سکاڵای سزایی لەسەری ناجولێندرێت.

سودێکی تری ئەم یاسایە یان ئەم ئەرگۆمێنتە ئەوەیە، کە لە ماددەی(٣٨)دا هاتووە، کە ئەگەر کەسێک ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی بەکارهێنابوو، بەڵام بە ویستی خۆی بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر سەردانی نەخۆشخانەی تایبەتی کرد، ئەوا سکاڵای سزایی لەسەر ناجولێنرێت، لێرەدا یاساکە هەوڵیداوە لەڕێگەی ئەم دەستپێشخەرییەوە ئەو کەسانە ڕازی بکات، کە پێشتر ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە، بەڵام دواتر پاشگەز بوونەتەوە و دەیانەوێت وازی لێ بهێنن.

### ٢-٤-٩. ئەرگۆمێنتی دەسەڵات:

دەسەڵات کاریگەریەکی زۆری لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی گوتاردا هەیە ، هێزی ڕازیکردن دەبەخشێتە گوتارەکە. ئەرگۆمێنتی دەسەڵات ئەو ئەرگۆمێنتەیە، کە کردار و بیروڕای کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک بەکاردێنێت، وەکو ئامرازێک بۆ سەلماندن و پاڵپشتی کردنی پەیامێکی دیارکراو (Perleman and Tyteaca:1971:305). ئەم ئەرگۆمێنتە خۆی لە شکۆ و دەسەڵات و زاڵبوونی قسەکەر دەنوێنێت، هێزی ڕازیکردن لە قسەکەرەکە وەردەگرێت،

پەسەندکردن و وەرگرتنی پەیامەکە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، کە زۆر جێگەی متمانەیە (عید، ٢٠١٣ :١٧). واتە؛ هێزی ڕازیکردنی خۆی لە پێگە و پلە و پایەکەی سەرچاوە وەردەگرێت، ئەو سەرچاوەیەش دەکرێت ئاینی، زانستی، سیاسی، یان کۆمەڵایەتی بێت (العشراوی، ٢٠١٢ :٣٧). ئەرگۆمێنتی دەسەڵات زۆر جۆری هەیە، لەوانەیە دەسەڵاتەکە کۆدەنگی (الاجماع)بێت، (ڕای گشتی) بێت، (پەیامبەران)بن، (فەیلەسووفان)بن، یان(زانایان)بن. لەوانەشە ئەو دەسەڵاتە کەسی نەبێت، بەڵکو (فیزیایی، ئاینی، بیروباوەڕ، کتێبی پیرۆز) بێت. لە ئەرگۆمێنتی دەسەڵاتدا زۆرجار ئەو کەسانەن بەناوی خۆیان ناودەهێنرێن، لەبەرئەوەی ئەو کەسانە لە لایەن جەماوەری گوێگرەوە دانیان پێدانراوە، لەو بوارەی ناوی تێداهاتووە (صولة، ١٩٩٨ :٣٣٥)، چونکە مەرجی ئەو ئەرگۆمێنتە ئەوەیە، ئەو دەسەڵاتە ناسراو و دانپێدانراوبێت .

گوتاربێژ لەدوو باردا ئەرگۆمێنتی دەسەڵات بەکاردێنێ: یان خودی دەسەڵاتەکەی خۆی بەکاردێنێ بۆ پاڵپشتی ئەرگۆمێنتەکەی. یان پەنادەباتە بەر دەسەڵاتی دەرەکی. واتە؛ دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی، گوتەی خاوەن دەسەڵاتەکە بۆ پاڵپشتی قسەکانی خۆی بەکاردێنێ (بروطون، ٢٠١٣ :٨٢ –٨٤). بەزۆریش ئەرگۆمێنتی دەسەڵات تاکە ئەرگۆمێنت نییە، بەڵکو تەواوکەری ئەرگۆمێنتەکانی ترە، گوتاربێژ ستایشی ئەو دەسەڵاتە دەکات پێش ئەوەی ئەرگۆمێنتەکانی لە قسەکانی خۆی بەکاربهێنێت (الطلبة، ٢٠٠٨ :١٣١). ئەو ئەرگۆمێنتە نایەوێت گفتوگۆ لەگەڵ گوێگراندا بکات، بەڵکو هەوڵدەدا ملکەچ و ڕازی بن، بەو دەسەڵاتەی کە پێشتر دانیان پێدا ناوە (الغامدی،٢٠١٥ :١٨٧). ئەم جۆرە ئەرگومێنتە پەیوەستە بە باڵادەستی فیقهی و دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردنی بۆچوونەکانیانەوە.

بۆ نموونە:

ماددەی (٤٨):

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەریی و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێبکەن.

دارشتنی ماددەی (٤٨) لە شێوەی فەرماندانی ناڕاستەوخۆ و سەرەتا داواکردن لە ئەنجومەنی وەزیران کە بەپێی پلیکانەی یەرگۆمێنتی بەرزترین دەسەڵاتی هەیە و دواتریش لە ئەنجومەنی دادوەری، کە دەسەڵاتی لە ئەنجومەنی وەزیران نزمترە، نموونەیەکی بەهێزی بەکارهێنانی ئەرگۆمێنتی دەسەڵات و کاریگەرترین ستراتیژی ئەرگۆمێنتییە، کە ئامانج لێی ترساندن و ڕازیکردنی وەرگرە، تا لەم جۆرە تاوانانە دووربکەوێتەوە، ئەگەرنا ڕووبەڕووی سزای قورسی دەبێتەوە و سزاکەش لەلایەن لوتکەی دەسەڵاتەوە، کە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەرییە جێبەجێ دەکرێت.

### ٢-٤-١٠-ئەرگومێنتی گشتی:

بەپێی ئەم ئەرگۆمێنتە، یاسا بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکات، واتە گوتاری یاسایی گشتی و ئەبستراکتن و هەموو گوێگرەکان پابەندن پێیەوە ( BELABED,2014:161 ). واتە گوتاری یاسایی لەسەر بنەمای گشتاندن دارێژراوە و دەقەکانی بەیەکسانی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا جێبەجێدەبن، بۆ نموونە:

ماددەی (٢٥):

هەر کەسێک یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، بە لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت:

یەکەم: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی یان پێشینەی کیمیایی، هاتوو لە خشتەی ژمارە (یەکەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایە، یان ڕووەکێک لەو ڕووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی لێبەرهەمدێت، بە مەبەستی بازرگانی پێ کردنی، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتپێیداون، هەنارده یان هاوەرده کردبێت.

دووەم: ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی، بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن، بەرهەم هێنابێت یان دروستی کردبێت، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتپێیداون.

سێیەم: بە مەبەستی بازرگانی پێ کردن ڕووەکێکی چاندبێت، کە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی لێ بەرهەم دێت، یان ڕوەکێکیی لەو ڕووەکانە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی، هێنابێت یان هاوردە یان هەناردە

کردبێت، یان بازرگانی بە تۆوەکەی کردبێت، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێ داون.

جگە لەوەی کردەی هەر سێ بڕگەکە بە ماددەکەشەوە زیاتر لە کردەیەکی قسەیی ئاگادارکردنەوە دەچێت، نەوەک هەواڵدان، بەڵام لە شێوەی مەرجی داڕێژراوە، چونکە تەنها لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەو کارانەی بڕگەی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی ماددەی (٢٥) ئەنجام دەدەن، هاوکات لە هەر سێ بڕگەدا ئاوەڵناوی نادیاری(هەر) و جێناوی نادیاری(کەس)، بەدوای یەکتردا هاتوون، بەمەش یاساکە گشتێنراوە، واتە هەموو کەسێک دەگرێتەوە، هەروەها بوونی ئامرازی لێکدەری (یان) لە هەر سێ بڕگەکەدا، دیسان بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی تاوانبار هەر کام لەم کردارانە ئەنجام بدات، کە لە بڕگەکانی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، هەمان سزادەدرێت. بوونی ئەم بەڵگانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنێن، کە ئەرگۆمێنتی گشتی بە ڕێگایەک یان ستراتیژێکی گرنگ و باو دادەنرێت، کە لە گوتاری یاساییدا پشتی پێ دەبەسترێت، بۆ مەبەستی دروستکردنی کاریگەری و ڕازیکردنی وەرگر بەو پەیامەی پێشکەشی دەکرێت.

### ٢-٤-١١- ئەرگۆمینتی ئامانج(حجاج الغائية):

ئەرگومێنتێکە بە ڕۆحی یاسا دادەنرێت و ئامانجی دەرکردنی یاساکان ڕوون دەکاتەوە (160:سەرچاوەی پێشوو)، بۆ نموونە:

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: خۆپاراستن لە ئالودەبوون بە هەر یەکێک لە ماددە هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵییەکان و خراپ بەکارهێنانیان، و چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەبوو لە نەخۆشخانەکانی تایبەتکراو بە چارەسەریی.

دووەم: پەرەپێدانی دەزگاکانی هەرێم، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە نەهێشتنی بازرگانی پێ کردنی ناڕەوا بە ماددە هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵیی یان پێشینە کیمیاییەکان، یاخود خراپ بەکارهێنانیان.

سێیەم: چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێ کردن و ئاڵوگۆڕکردنی ناڕەوای ماددە هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵیی یاخود پێشینە کیمیاییەکان و سنوردارکردنی بڵاوبوونەوەیان.

چوارەم: مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی کارای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بەو ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییانەی، کە کۆماری عێراق پەسەندی کردون، یان تیایاندا ئەندامە، بۆ ئەوەی لە هەرێمیشدا کار پێ کراو بن.

پێنجەم: فەراهەمکردنی دروستیی مامەڵەکردن بە ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە ئەقڵیی و پێشینە کیمیاییەکان بۆ مەبەستی پزیشکی و زانستی و پیشەسازی.

بێگومان دەرکردنی هەر یاسایەک ئامانجێکی لەپشتەوەیە، بۆیە لەم یاسایەشدا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقڵییەکان ) ئامانجەکانی پشت دەرکردنی یاساکە لەم خاڵانەی سەرەوە کورتکراوەتەوە و لەشێوەی کردەی قسەیی هەواڵدان یان ئاگادارکردنەوە ئاراستەی وەرگر کراوە، ئەرگۆمێنتی ئامانج لەم یاسایەدا بۆ ئەوە بەکارهاتووە، کە هەر لەسەرەتای یاساکە گرنگی ئەم یاسایە بۆ وەرگر دەربخات، تا بەو هۆیەوە وەرگر ڕازی بکات، کە خۆی بەدوور بگرێت، لە سزای ئەو تاوانانەی کە لە ناوەڕۆکی یاساکە ئاماژەیان پێ دراوە.

### ٢-٣-١٢- ئەرگۆمێنتی گریمانەکان:

بریتییە لە گریمانەکردن، کە لە دەوری بابەتێکی چاوەڕوانکراو یان ئەگەری یان ئەنجامە ئەگەرییەکان دەسوڕێتەوە، واتە دروستکردنی ئەرگۆمێنت لەسەر بنەمای ئەوەی چی ڕوودەدات لە ئەگەری ئەوەی کە... ، کەواتە گریمانە؛ بریتییە لە بەکارهێنانی ئەنجامە پێشنیارکراوەکان بۆ کردارێک یان بۆ ڕووداوێکی داهاتوو( وکال، ٢٠٠٧ :٦٩).

گریمانە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی دەســـتپێکردنی ئەرگۆمێنت، بەهۆی ڕاکێشـــانی ســـەرنجی گوێگرانەوە، ڕەزامەندیی گشـــتی بەدەســـتدەهێنێت، بەڵام پابەندبوون پێی و قبوولکردنی بەهێز نییە، تا ئەو کاتەی توخمەکانی دیکە بە ڕێگای ئەرگۆمێنتەکان دێنە ناو پرۆســـەکە و بەهێزی دەکەن. ئەم گریمانانە لە ئەگەری ڕاســـت دەرچوون یان ڕاســـت دەرنەچوون، ڕەنگە لاواز بن، بەو پێیەی جێگیر نین و بەپێی دەوروبەر و بار و قســـەکەر و گوێگر دەگۆڕێن، بۆیە بەپێی ئاسایی و ئەگەری پێوانەکردن، ئەوا هەمیشە لە گۆڕاندان ( BELABED, 2014: 162). بۆ نموونە:

ماددەی (١٢):

ســـێیەم: ئەگەر مۆڵەتەکە لە مـاوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کـاری پێ نەکرێـت، مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، لەکاتی پێویستیشدا وەزیر بۆ هەیە ئەم ماوەیە بۆ ماوەیەکی هاوتا درێژ بکاتەوە.

ماددەی (١٥):

دووەم: ئەو مۆڵەتەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاســـایەدا دەقنووســـکراوە، بە هەڵوەشـــاوە دادەنرێت، ئەگەر خاوەنەکەی حوکمێکی بنبڕی بە یەکێک لەو تاوانانە یان سزایانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لەسەر دەربچێت.

لەماددەی(١٢)، بڕگەی ســـێیەم ، ئەرگۆمێنتی گریمانە بەکارهاتووە، ئەرگۆمێنتەکە لەســـەر بنەمای ئەگەر، واتە مەرج دامەزراوە، بۆ نموونە:((ئەگەر مۆڵەتەکە لە مـاوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کـاری پێ نەکرێـت، مۆڵەتەکە بە هەڵوەشـــاوە دادەنرێت))، هەروەها لە ماددەی(١٥) بڕگەی دووەمدا بەهەمان شـــێوە ئەرگۆمێنتی گریمانە بەکارهاتووە، کە دەڵێت:((ئەو مۆڵەتەی لە ماددەی (٨)ی ئەم یاسـایەدا دەقنووسـکراوە، بە هەڵوەشـاوە دادەنرێت، ئەگەر خاوەنەکەی حوکمێکی بنبڕی بە یەکێک لەو تاوانانە یان سـزایانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون، لەسـەر دەربچێت))، هەردوو بڕگەی ماددەکە لە شـێوەی مەرج داڕێژراون، واتە سـزاکە تەنها لەسـەر ئەو کەسـانە جێبەجێ دەکرێت، کە ئەم مەرجانە دەیانگرێتەوە.

### ٢-٤-١٣- ئەرگۆمێنتی هەڵبژاردن:

مەبەسـتی ئەم ئەرگۆمێنتە هەڵبژاردنە لە نێوان دوو شـت و بۆ پرەنسـیپی بەخورتی یان ناچارکردن لە ژیانی ڕۆژانەدا لە نێوان دوو هەڵوێستدا بە باشترین ڕوونکردنەوە دادەنرێت، بەجۆرێک کە یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت و ئەوی دیکەیان پشتگوێ دەخرێت، وەک هەڵبژاردنی سزادان یان بێتاوانبوون لە دادگادا.( وکال،٢٠٠٧: ٦٥). بۆ نموونە:

ماددەی (٢٥):

هەر کەسێک یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، بە لە سێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت:

دووەم: ماددەی هۆشـــبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی، بە مەبەســـتی بازرگانی پێ کردن، بەرهەم هێنابێت یان دروســـتی کردبێت، بەدەر لەو حاڵەتانەی یاسا مۆڵەتی پێ داون.

لە زۆر شـــوێندا ئەرگۆمێنتی هەڵبژاردن لە یاســـاکە بەکارهاتووە، کە بێگومان لە هەموویاندا ئامانجی یاســـادانەر ئەوە بووە، کە وەرگر ڕازی بکات بەوەی خۆی لە ســـەرپێچییەکان بە دوور بگرێت، ئەگەرنا بە یەکێک لەم ســـزایانە ســـزا دەدرێت، هەروەکو ئەوەی لە ماددەی(٢٥)دا هاتووە: ((هەر کەسـێک یەکێک لەم کردارانەی خوارەوە ئەنجام بدات، بە لە سێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت))، لێرەدا پێویستە سەرەتا ئاماژە بە کاریگەری شێوازی داڕشتنی ماددەکە بکرێت، کە مەرجییە و لە شـــێوەی کردەیەکی قســـەیی ناڕاســـتەوخۆ بو مەبەســـتی ئاگادارکردنەوە یان هەڕەشـــەکردن یان هەواڵدان... ئاڕاســـتەی وەرگر کراوە، پاشـــان ئاماژە بە وشـــەی کۆتکەری (هەر) کە ئاماژەیە بۆ گشـتاندن و ئامرازی لێکدەری (یان) بکەین، کە لە داڕشـتنی دەقەکەدا ڕۆڵی لە دروسـتکرنی ئەرگۆمێنتی هەڵبژاردن لە نێوان دوو هەڵوێستدا بینیوە.

### ٢-٤-١٤- ئەرگۆمێنتی بەهێز (الدامغة=القوية)

ئەم ئەرگۆمێنتە ڕێکارێکی گوتارییە لە دەستی یاساناس، کە لە وەسفی پرسە یاساییەکاندا وەکو بەهێزترین ئەرگۆمێنتەکانی خۆی دەیخاتەڕوو، دەقێکی یاساییە و ناتوانرێت دەستکاری بکرێت بۆ هیچ شتێکی کەمتر، تەنیا ئەگەر پێداچوونەوەی بۆ بکەن بۆ ڕوونکردنەوە یان لابردنی ناڕوونی دەقەکە، هاوکات ئامرازێکی گوتارییە، کە ئەو کەسەی کە گوتارەکەی ئاڕاستە کراوە بە بابەتێکی دیاریکراو پابەند دەکات. بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێت) 159 :2014, BELABED)، بێگومان هەردوو جۆرەکەش بۆ ئەوەیە، کە هەوڵ بدرێت بە ڕێگای جیاواز کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی وەرگر دروست بکرێت و ڕازی بکرێت بە ناوەڕۆکی ئەو پەیامەی پێشکەشی دەکرێت، جۆرەکانیش بریتین لە:

أ-ئەرگۆمێنتی لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین:

لە باری یاسایەکی نەرێنیدا جێبەجێ دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر یاسایەک لە بریندارکردنی کەسێک ڕێگری بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕێگری دەکات لە کوشتنی، ئەگەر یاسەیەک لەسەر زەویی سەوزایی ڕۆیشتن قەدەغە بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بڕینی ئەو سەوزاییە قەدەغە دەکات. بۆ نموونە:

ماددەی (٢):

ئامانجەکانی ئەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: خۆپاراستن لە ئالودەبوون بە هەریەکێک لە مادده هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵییەکان و خراپ بەکارهێنانیان، و چارەسەرکردنی کەسانی ئالوودەبوو لە نەخۆشخانەکانی تایبەتکراو بە چارەسەریی.

سێیەم: چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێ کردن و ئاڵوگۆرکردنی نارەوای مادده هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵیی یاخود پێشینە کیمیاییەکان، و سنورردارکردنی بڵاوبوونەوەیان.

ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە لە ماددەی(٢)دا لە بڕگەی یەکەم و سێیەمدا بەکارهاتووە، کە ئەم بڕگانە ئامانجەکانی دەرکردنی یاسای مادده هۆشبەرەکانە لە بچووکترین ئامانجەوە بۆ گەورەترین، بچووکترینیان بریتییە لە خۆپاراستن لە ئالودەبوون بە هەر یەکێک لە مادده هۆشبەر یان کارتێکەرە ئەقڵییەکان و خراپ بەکارهێنانیان، گەورەترینیشیان، کە بریتییە لە چڕکردنەوەی ڕێکارەکانی نەهێشتنی بازرگانی پێ کردن و ئاڵوگۆرکردنی نارەوای مادده هۆشبەرەکان، واتە بنبڕکردنیان.

ب-ئەرگۆمێنتی لە گەورەترینەوە بۆ بچووکترین:

ئەم ئەرگۆمێنتە لە حاڵەتی یاسایەکی ئەرێنیدا جێبەجێ دەکرێت و لەم یاسایەی خوارەوەدا کورتکراوەتەوە: ئەوەی توانای ئەنجامدانی زۆرەکەی هەبێت، ئەوا دەتوانێت کەمەکەی ئەنجام بدات، ئەم ئەرگۆمێنتانە لە گرنگترین ئەرگۆمێنتە یاساییەکانن، بەو پێیەی هیچ گوتارێکی یاسایی نییە، ئەم دوو جۆر ئەرگۆمێنتەی سەرەوەی تیدا نەبێت، بۆ نموونە:

ماددەی (٣٠):

هەرکەسێک بە مەبەستی وەرگرتن و بەکارهێنانی کەسی، ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی یان پێشینەی کیمیایی، هاوردە بکات یان بەرهەمبهێنێت یان دروستبکات، یاخود دەستدارییبکات یان بەدەستبهێنێت یان بەخاوەنیببێت یان بیکڕێت، یاخود ڕووەکێک لەو ڕووەکانەی ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری ئەقڵیی لێبەرهەمدێت، بچێنێت یان بیکڕێت، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت.

ئەم ئەرگۆمێنتە لە ماددەی(٣٠) بەدیدەکرێت، کە لە گەورەترین سزا بۆ بچووکترین سزا دەڕوات، گەورەترین سزا بەندکردنی لە (١) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت، بچوکترین سزا پێبژاردنێک لە (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠) ملیۆن زیاتر نەبێت. لێرەدا سزای بەندکردنەکە بە گەورەتر دانراوە لە سزای پێبژاردنەکە.

### ٢-٤- ١٥- ئەرگۆمێنت بە نموونەهێنانەوە:

ئەوە ئەو ئەرگۆمێنتەیە کە ڕێگە دەدات یاســـایەک لێکدانەوە و تەئویلکردنی بۆ بکرێت، بە پاســـاوی بوونی دەقی یاسایی پێشووتر. وەک بوونی بڕیاری ناوخۆیی یان بڕیاری فیقهی ( وکال،٢٠٠٧:٧٣). بۆ نموونە:

مادەی(٥):

ســـیانزدەیەم: نوێکردنەوەی ئەو خشـــتانەی کە هاوپێچی ئەم یاســـایەن لە (١تا١١)، بەجۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییانەی لەلایەن کۆماری عێراقی فیدراڵەوە واژۆکراون و پەیرەو دەکرێن، بە ســـوود وەرگرتن لە ڕێکخراوی تەندورستی جیهانی.

ئەرگۆمێنتی بە نموونەهێنانەوە کە لە ماددەی(٥)، برگەی (سیانزدە)دا هاتووە، بۆ لێکدانەوە و تەئویلکردن بەکارهاتووە، ئامانجی سەرەکی ئەرگۆمێنتەکەش ڕازیکردنی وەرگرە بەوەی کە خشتەی ناوی ماددە هۆشبەرەکان لەگەڵ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی عێراقی و تەندروســتی جیهانی دەگونجێت، جگە لەمانە شــێوازی داڕشــتنی ئەم برگەی یاســاکە، کە داخوازی ناڕاســـتەوخۆیە، لەپاڵ لێکدانەوە و تەیویلکردن بە هۆکارێکی تری دروســـتکردنی کاریگەری لەســـەر وەرگر دادەنرێت.

### ٣-ئەنجامەکان:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-گوتاری یاســـایی (گوتاری یاســـادانان)گوتارێکی بێلایەنی پلان بۆ داڕێژراوە، لە قاڵبێکی بابەتییانە بەشـــێوازێکی ڕێکخراو لەلایەن دامەزراوەیەکی فەرمی خاوەن دەسەڵاتەوە پێشکەش دەکرێت، کۆمەڵێک بڕیار و فەرمانی لەخۆگرتووە، کە بەشێکیان بە شێوازێکی مەرجدار داڕێژراون و پابەندبوون پێیانەوە ئارەزومەندانە نییە.

٢-وەکو دەزانرێت ئەرکی گوتاری یاســایی هێندە ئاگادارکردنەوە یان هەواڵدان نییە، هێندەی کردەیەکی جێبەجێکردن و ڕێکارییە، بۆیە بەزۆری لەشــێوازی فەرماندانی ناڕاســـتەوخۆ ئاڕاســـتەی وەرگر دەکرێت، ئەمەش ڕەهەندێکی تەواو پراگماتیکییە و دەوڵەمەندیشـــە بە ئەرگۆمێنت، چونکە هێندەی گرنگی بە جێبەجێکردنی کردارەێک لەڕێگەی بڕیارە یاساییەکانەوە، واتە کردەقسەییەکانەوە دەدات، ئەوەندە گرنگی بە وەسفکردنی ڕووداوەکان نادات.

٣-ئەرگۆمێنتی یاسایی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی کە ڕازیکردنە، لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە پێکهاتە لۆژیکی و جەدەلییەکان، بەتایبەتیش بەم ســـتراتیژییەتانە: ( گشـــتگیری، پێناســـەکردن، کردەی قســـەیی ناڕاستەوخۆ، دەسەڵات، سودبەخشی) دەبەستێت.

٤-لە گوتاری یاســـاییدا ئەرگۆمێنت وەکو کۆمەڵێک تەکنیک بەپێی یاســـا بەرکارەکان بۆ کاریگەری درەســـتکردن بەکاردەهێنرێت و بەزۆریش لەشـێوەی کردەی قســـەیی ناڕاســـتەوخۆ بەمەســـتی ئاگادارکردنەوە یان هەڕەشـــە یان ئامۆژگاری یان داواکاری ... ئاڕاســـتەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکرێت و بەســـەر ئەو کەســـانەدا جێبەجێ دەکرێت، کە ناوەڕۆکی یاساکان پێشێل دەکەن.

٥- ئەرکی تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنت لە گوتاری یاســـاییدا ڕازیکردنی بێمەرجی تاکەکانی کۆمەڵگایە، بەوەی کە ڕێز لە یاســـاکان بگرن، تا لەو ڕێگەیەوە ڕەفتار و هەڵســـوکەوتیان ســـنووردابکەن، ئەو تەکنیکانەشـــی لە گوتاری یاســـایی بەکاردێن، ژمارەیان پازدە تەکنیک دەبێت، بەڵام ئەو تەکنیکانەی کە لە دوتوێی یاســـاکەدا وەک ئەرگۆمێنتێکی گرنگ و کاریگەر لە ڕازیکردنی وەرگر دەردەکەون، بریتین لە تەکنیکی: (پێناسـەکردن، هۆیی، سـودبەخشـی ، دەسـەڵات، گشـتی، ئامانج، هەڵبژاردن، گریمانە).

## سەرچاوەکان:

### ١-بەزمانی کوردی:


-دزەیی، عبدالواحد موشیر(٢٠١٥). لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- لینکی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەرلەمانی کوردستان، بە نانیشانی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکارە ئەقڵییەکانی کوردستان-عێراق).

https://www.parliament.krd/media/14221/pkyj1-2020pdf2255-1.pdf


### ٢-بەزمانی عەرەبی:


- أبوغليون، هاني يوسف (٢٠١٨ ). الحجاج في النص القرآني سور الحواميم أنموذجاً، رسالة ماجستير، ، قسم اللغة العربية والادابها، كلية الدراسات العليا، جامعة مؤتة.

-اسماعيلي، حافظ (٢٠١٣). مقدمة الطبعة الاولى، مجموعة من المؤلفين، الحجاج مفهومه و مجالاته (دراسات نظرية وتطبيقية محكمة في الخطابة الجديدة)، الجزء الاول، تحرير وإلاشراف د.حافظ اسماعيلي علوي، الطبعة الاولى، ابن النديم للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر و دار الروافد الثقا فية، بيروت، لبنان.

-الراضي، رشيد (٢٠١٣)، الحجاجيات اللسانية والمنهجية البنيوية، الحجاج مفهومه ومجالاته، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ابن النديم للنشر والتوزيع، وهران، الجزائر و دار الروافد الثقا فية، بيروت، لبنان.

-الصراف، علي محمود حجى (٢٠١٠ ). في البراجماتية الافعال الانجازية في العربية المعاصرة (دراسة دلالية ومعجم سياقي)، الطبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.

-الطلبة، محمد سالم محمدأمين (٢٠٠٨). الحجاج في البلاغة المعاصرة بحث في بلاغة النقد المعاصر، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.

-العزاوي، أبوبكر(٢٠٠٦أ). اللغة والحجاج، الطبعة الاولى، العمدة في الطبع، دارالبيضاء، المغرب.

-العشراوي، عبدالجليل (٢٠١٢). الحجاج في الخطابة النبوية، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع، إربد، الاردن.

-الغامدي، عادل بن علي (٢٠١٥). الحجاج في قصص الامثال القديمة (مقاربة سردية تداولية)، الطبعة الاولى، كنوز المعرفة، الاردن.

-بروطون، فليب و جوتيية، جيل (٢٠١١). تا ريخ نظريات الحجاج، ت: محمد صالح ناحي الغامدي، الطبعة الاولى، مركز النشر العلمي، جامعة الملك عبدالعزيز، جدة.

-بروطون، فليب (٢٠١٣). الحجاج في التواصل، ت: محمد مشبال وعبدالواحد التهامى العلمي، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، الجزيرة، القاهرة.

-بلانتان، كريستيان (٢٠١٨ ). الحجاج، ت: عبدالقادر المهيري، دار سيناترا، المركز الوطني للترجمة، تونس.

-بن خراف، ابتسام (٢٠١٠). الخطاب الحجاجي السياسي (في كتاب (الإمامة والسياسة)لإبن قتيبة) (دراسة تداولية)، رسالة دكتورا، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة الحاج لخضر باتنة، الجزائر.

-بنور، عبدالرزاق (٢٠٠٨). جدل حول الخطابة والحجاج، دار العربية للكتاب.

-بنوهاشم، الحسين (٢٠١٤). نظرية الحجاج عند شاييم بيرلمان، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.

-بوقرة، نعمان(٢٠١٥). الخطاب والنظرية والاجراء، دار جامعة الملك سعود للنشر.

-حاجي صفر ،أحمد و غزال، محمد عمار تركمانية (٢٠١٩)، أدوات الحجاج القانوني وتقنياته: الأحكام في المحاكم القطرية نموذجا، جامعة قطر – كلية الآداب والعلوم – قسم اللغة العربية.

-حنون، عايد جدوع (٢٠١٨). الحجاج في الكلام الإمام الحسين، الطبعة الاولى، الأمانة العامةللعتبة الحسينية المقدسة، النجف، العراق.

-جودي، حمدي منصور (٢٠١٦)، بنية الخطاب الحجاجي في كليلة و دمنة لإبن المقفع، رسالة دكتورا، كليةالاداب واللغات، قسم الاداب واللغة العربية، جامعة محمد خيضر، بسكرة.

-دحمان، حياة (٢٠١٣ ). تجليات الحجاج في القرآن الكريم سورة يوسف أنموذجاً، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية والادابها، جامعة الحاج لخضر، باتنة، الجزائر.

-روبول، اوليفيي (٢٠١٧ ). مدخل الى الخطابة، ت:رضوان العصبة، الطبعة الاولى، أ فريقيا الشرق، دارالبيضاء، المغرب.

-صولة، عبدالله (٢٠٠٧). الحجاج في القرآن الكريم من أهم خصائصه الاسلوبية، الطبعة الثانية، دار الفارابى، بيروت، لبنان.

-صـــولة، عبدالله (١٩٩٨). الحجاج اطره ومنطلقاته وتقنياته من خلال (مصـــنف في الحجاج- الخطابة الجديدة) لبرلمان وتيتيكا، أهم نظريات الحجاج في التقاليد الغربية من أرسطو الى اليوم، الطبعة الاولى، جامعة الاداب والفنون والعلوم الانسانية، كلية الاداب منوبة، تونس.

-عبدالرحمن، طه (١٩٩٨). اللسان والميزان والتكوثر العقلي، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، دارالبيضاء، المغرب.

-عبدالقادر، قعموسي (٢٠١٨). الخطاب الحجاجي في الفكر النقدي المعاصر (البلاغة والسرد لمحمد مشبال) أنوذجاً، رسالة دكتورا، كلية الاداب والفنون، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة جيلالي اليابس، سيدي بلعباس، الجمهورية الجزائرية.

-عبدالمجيد، جميل (٢٠٠٠). البلاغة والاتصال، ط1، دار الغريب، القاهرە، مصر.

-عرابي، أمحمد (٢٠٠٩ ). البنية الحجاجية في قصة سيدنا موسى (عليه السلام)، رسالة ماجستير، كلية الاداب والفنون، قسم اللغة والادابها، جامعة اللسانية وهران، الجزائر.

- عيد، محمد عبدالباسط (٢٠١٣ ). في حجاج النص الشعري، الطبعة الاولى، أفريقيا الشرق، الدار البيضاء، المغرب.

-....................(٢٠١١). في نظرية الحجاج (دراسات وتطبيقات)، الطبعة الاولى، مسكيلياتى للنشر والتوزيع، تونس.

-عكاشة، محمود (٢٠٠٥ ). لغة الخطاب السياسي دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال، دار النشر للجامعات مصر، مصر.

-علوي،حافظ اسماعيل، بدون سنة، بين اللسانيات والقانون.

-كاظم، مرتضى جبار(٢٠١٥)، اللسانيات التداولية في الخطاب القانوني، الطبعة اللأولى، دار ومكتبة عدنان، بغداد.

- BELABED, Abdelhak(2014 (نحو الحجاج القانوني من السانيات الى التداوليات), AL-MUKHATABAT, Numéro 12/Octobre, (KING SAOUD UNIVERSITY).

-فتح الله، نورالدين (٢٠٢٣ )، الروابط والعوامل الحجاجية في الخطاب القانوني الجزائري، مقاربة تداولية في مدونة أخلاقيات مهنة القضاة، مجلـة الموروث، المجلد: العاشر(١٠) / العدد: الثاني (٢)، ديسمبر، ص ٢٦٠-٢٩٢، جامعة الشاذلي بن جديد، الطارف، الجزائر.

-وكال، الطاوس(٢٠٠٧)، البنية الحجاجية في الخطاب القانوني(المرافعة الجنائية نموذجا)، رسـالة ماجسـتير، كلية الأدب و اللغات، قسـم: اللغة العربية و آدابها، جامعة الجزائر.

-يوسف، سعد محمد عبدالغفار (٢٠٢١)، توظيف تقنيات الحجاجي في الخطاب القضائي مقاربةفي الخطاب الجاد، مجلـة الـزهـــــــراء العدد الحادي والثلاثون)، أكتوبر (٢٠٢١)، قسم اللغة العربية، كلية الآداب، جامعة الوادي الجديد، الخارجة، مصر.

## ٢-بەزمانی ئینگلیزی:

- PERLEMAN, CHAIM & TYTEACA, OLBRECHTS (1971), The New Rhetoric A Treatis on Argumentation, Translated by John Wilkinson & Purcell weaver.second printing ,University of Notre Dame press-London.

**الحجاج في الخطاب القانوني، قانون (مكافحة المخدرات والمؤثرات العقلية )أنموذجا**

**فؤاد صالح رشيد**
مديرية التربية العامة أربيل ـ وزارة التربية
fuadsalhrasheed@gmail.com

**يوسف نوري محمدئەمين**
مديرية التربية العامة أربيل ـ وزارة التربية
yousifnuri@gmail.com

**الملخص**

في السـنوات الأخيرة أصـبح البحث في لغة الخطاب، وخاصـة لغة الخطاب القانوني، محط اهتمام الباحثين في مجال اللغويات، وفي هذا الصـدد حاول هذا البحث المعنون ((الحجاج في الخطاب القانوني (قانون مكافحة المخدرات والمؤثرات العقلية) نموذجاً)) مناقشـة أحد الأبعاد البراجماتية للخطاب القانوني، وهو تحديد البعد الحجاجي في الخطاب القانوني، ولهذا الغرض يركز البحث أولاً على بعض الجوانب المتعلقة بالخطاب القانوني، ومنها: اللغويات القانونية، والخطاب القانوني، وخصـــائص الخطاب القانوني ولغته، ثم يتم من جهة مناقشـــة التقنيات الحجاجية التي اقترحها الباحثان (بيرلمان وتيتيكاكا) في إطار نظريتهما المعنونة (البلاغة الجديدة)، ومن جهة أخرى يتم مناقشة كيفية استخدام التقنيات الواردة في نص القانون بدقة، مع أخذ الأمثلة اللازمة لكل تقنية في نص القانون وشرح كل مثال. وفي نهاية الدراسة يتم عرض النتائج التي تم التوصل إليها في الدراسة.

**الكلمات المفتاحية**: اللغة القانونية، الخطاب القانوني، الحجة القانونية، تقنيات الحجاج، أستراتيجيات الحجاج.

**Arguments in Legal Discourse; Drug Laws and Mental Effective Substances as a Sample**

**Fuad Salih Rasheed**
Erbil Public Education- Ministry of Education
fuadsalhrasheed@gmail.com

**Yousif Noori Muhammadamin**
Erbil Public Education- Ministry of Education
yousifnuri@gmail.com

**Abstract** :

In recent years, research on the language of discourse, especially the language of legal discourse, has become the focus of attention of researchers in the field of linguistics. In this regard, this research entitled ((Argumentation in Legal Discourse (Anti-Narcotics and Psychotropic Substances Law) as a Model)) attempted to discuss one of the pragmatic dimensions of legal discourse, which is determining the argumentative dimension in legal discourse. For this purpose, the research focuses first on some aspects related to legal discourse, including: legal linguistics, legal discourse, and the characteristics of legal discourse and its language. Then, on the one hand, the argumentative techniques proposed by both researchers (Perelman and Titicaca) are discussed within the framework of their theory entitled (New Rhetoric), and on the other hand, how to use the techniques contained in the text of the law accurately is discussed, taking the necessary examples for each technique in the text of the law and explaining each example. At the end of the study, the results obtained in the study are presented.

**Keywords**: Legal language, legal Discourse, legal Argumentation, Argumentation Techniques, Argumentation Strategies.